مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرنسیپی پێکهاتن و دیموکراتی پێکهاتنی لە کۆمەڵگا فرەییەکان

عێراق لە دوای ٢٠٠٣ وەک نموونە

The preninciple of consensus and tha democratic consensus in moltiple societies
Iraq after 2003 as a model

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئازاد عوسمان ساڵح**
بەشی زانستە سیاسیەکان / کۆلێژی زانستە سیاسیەکان / زانکۆی صەلاحەددین
**مامۆستای یاریدەدەر زانا محمد ئەنوەر**
بەشی زانستە سیاسیەکان / کۆلێژی زانستە سیاسیەکان / زانکۆی صەلاحەددین

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: ٢٠١٨/١١/١٥
القبول: ٢٠١٨/١٢/٢١
النشر: شتاء ٢٠١٩

Doi:
10.25212/lfu.qzj.4.1.4

**الملخص**

شێوازی دەسەڵات و شێوەی دەوڵەتی عیراق لە سەرەتای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، حوکمڕانی هاوبەشی نوێنەرانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکان و سستەمی ووڵاتی فیدراڵی، بە پێی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) لە نێوان هێزە سیاسییە جیاوازەکانی عیراق (وەك بنەمای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقی نوێ لە پێناوی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و داهات) بە پشتیوانی ووڵاتە

**الكلمات المفتاحية:**

preninciple of consensus democratic consensus moltiple societies

Iraq, Baath, Usa, shia, sonna, Kurd, fedral system, centralization.

یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دەستووری هەمیشەیی (أتحادی) عیراق جێگیرکران. کورد هەر لەسەرەتاوە لایەنگیر و پشتیوانی چەسپاندنی حوکمرانی دیموکراتی و سستەمی فیدراڵی بوون، بە پێچەوانەوە زۆربەی هێزە عەرەبییە شیعەکان و عەرەبییە سوننەکان بە باوەڕەوە لەگەڵ هەردووك سستەم نەبوون چونکە باوەڕیان پێیان نییە و بە هەرەشەی دەزانن بۆ سەر یەکپارچەیی عیراق وەك دەوڵەتێکی "عەرەبی و ناوەندی و سادە".

هەرچەندە دەستوور بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی عیراق لە ریفراندۆمیکی مێژوویی دا لە کۆتایی ٢٠٠٥ پەسەندکرا، و لەگەڵ ئەوەی چەندین هەڵبژاردن لە سەرانسەری عیراق ئەنجامدران و نوێنەری گشت پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی (أتحادی) عیراق بەشداریان کرد، بەڵام چونکە بڕیار بەدەستانی کردەیی (فعلی) لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن (تشریعی و تنفیژی) لە پێکهاتەی سەرەکی عەرەبی شیعی لە پرێنسیپی پێکهاتن لایان دا و بەپێی پرێنسیپی زۆرینە مامەڵە و ڕەفتاریان لەگەڵ پرسەکان کرد، بە تایبەتی سەبارەت بەو پرسانەی ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە گەل و خاکی هەرێمی کوردستان بە ناوچە دابڕێندراو و "کێشەلەسەرەکان"ەوە. لەجیاتی ئەوەی سستەمی حوکمرانی دیموکراتی پەرلەمانی بچەسپێندرێت، سستەمی حوکمڕانی تیۆکراتی (ئیسلامی شیعی) لە بەغداد و شێوازی دەوڵەتی سادە و حوکمی ناوەندی پەیرەو و پیادە دەکرێت. سەرباری ئەم هەموو گرفت و تەگەرانەی سەر ڕێگای دیموکراتیزەکردن و فیدراڵیزەکردنی عیراق، دەوڵەتی عیراقی نوێ تا ئێستا سەروەری خۆی بە تەواوی بەدەست نەهێناوەتەوە، جگە لە کاریگەری سیاسەتی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بەڕێوەبردنی عیراق کە سەرچاوەی سەرەکی هەموو گۆڕانکارییەکانە. هەر لەگەڵ ڕوخاندنی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رژێمی بەعسی ستەمکارەوە، حکومەتی عیراق بە مەبەستی دژایەتی کردنی مافی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەشێوازی جیاواز دژی داواکاریەکان وەستاوە، بە تایبەتی دوای ریفراندۆمەکەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ حکومەتی عیراق بەتەواوی وازی لە سەروەری خۆی هێنا و دەستی خستە ناو دەستی دەزگا لەشکریی و هەواڵگرییەکانی ئیران و تورکیا دژی کورد، لە ئاکام دا هەردووك پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و فیدراڵیزەکردنی عیراق شکستی پێهێنرا. حکومەتی ناوەندی عیراق پاش نائارامی ناوچە عەرەبە سوننی نشینەکان و کۆتایی هاتنی شەڕ دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە یارمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بەری شەڕی ئاراستەی پارێزگای کەرکوکی پارێزراو بە خوێن و کۆششی پێشمەرگە و ناوچە دابڕێندراوەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان کرد، بە بیانووی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێم و ناوچە دابڕێندراوەکان لە عیراق، بەم شێوەیە پاش ١٥ ساڵ لە ڕوخانی رژێمی بەعس دەوڵەتی عیراق گەیشتووەتە دوو ڕیان و تووشی کۆمەڵێك تەنگژەی وا ئاڵۆز بووەتەوە کە چارەنووسی دەوڵەتی عیراق و پێکەوەژیانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی لە داهاتوو دا ناڕوون و دژوار کردووە.

## پێشەکی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتی عیراق لەسەرەتای دروست بوونیەوە لەساڵی ١٩٢١ وە بە چەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەریوە، هەر یەکێك لەو قۆناغانە کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی لەڕووی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەوە هەبووە و شوێنەواری بەجێهێشتووە، بەڵام لەسەروی هەموویانەوە جیاوازی ئەو قۆناغانە بەشێوەیەکی تایبەت لە سیستەمی سیاسیدا رەنگدانەوەی هەبووە، چونکە شێوەی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی سیاسی لەماوەی ئەو ٩٧ ساڵەی دەوڵەتی عیراقدا چەندین جۆری جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، و بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەوڵەتە سەقامگیریی بەخۆیەوە نەدیوە. کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەریان هەبووە لەسەر دەرکەوتنی ئەو جۆرە جیاوازانەی سیستەمی حوکمرانی سیاسی لە مێژووی دەوڵەتی عیراق. بەهەمان شێوە خودی سیستەمی سیاسی خۆیشی بووەتە هۆکارێك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی دەوڵەت و شێوازی پێکەوەژیانی ئەو پێکهاتانە لەگەڵ یەکدی.

یەکێك لەو فاکتەرانەی بەشێوەیەکی بەرچاو و بە ئاستی جیاواز کاریگەری لەسەر سیستەمی حوکمرانی سیاسی عیراقی نوێ پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە سالی ٢٠٠٣،و لەسەر شێوازی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی هەبووەو دەبێت: پرێنسیپی پێکهاتن (تەوافوق)ە. لەهەمان کاتیش دا چەند فاکتەرێك کاریان لەباری مامەڵەکردن لەگەل پرێنسیپی پێکهاتن لە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییە جیاوازەکانی عیراق و لە سروشتی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان و لە باری ئاسایشی ووڵات کردووە.

**گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە لە پرسێکی گرنگی پەیوەست بە ئێستا و ئایندەی دەوڵەتی عیراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شی دەکاتەوە، ئەویش بابەتی پێکهاتنی (توافق)ی سیاسی لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسی نوێ ی دەوڵەتی عیراق. چونکە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و لەو کاتەی ویلایەتی موسلەوە تا کوردستانی باشور (هەرێمی کوردستانی ئێستا) خرایە سەر عیراق، کێشە بنەڕەتییە بەردەوامەکانی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتەلەگەڵ حکومەت و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عیراق لە بەغداد بریتین لە: پرسی سیستەمی حوکمرانی سیاسی و چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی لەم دەوڵەتە و سروشتی پەیوەندی پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکدی. کەواتە گرنگی توێژینەوەکە خۆی لەو خاڵەدا دەبینێتەوە، کە بابەتێکی هەستیار سەبارەت بە بنەڕەتی دەوڵەتەکە و بە پاشەڕۆژی خەڵك و دەوڵەتی عیراق ڕوون دەکاتەوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ئامانجی توێژینەوە

مەبەست لەم توێژینەوەیە تیشك خستنە سەر جۆر و سروشتی سیستەمی حوكمرانی سیاسیی و ڕوونكردنەوەی ڕۆڵ و گرنگی پرێنسیپی پێكهاتنە (توافق)ە لە عێراقی نوێ، هەر لە دەستپێكی بنیاتنانەوەی دەوڵەت بە شێوەیەكی نوێ (دیموكراتی و فیدراڵی)، بە تێپەڕبوون بە دروستبوونی تەگەرەكان لەسەر ڕێگەی پرۆسەی سیاسی و تا گەیشتن بە كێشە مەترسیدارەكان و لەیەك ترازان.

### گرفتی توێژینەوە

پرسی سەرەكی گرفتی توێژینەوەكە بریتیە لەوەی: ئایا پێكهاتنی سیاسی بووەتە هۆی جێگیربوونی سیستەمێكی سیاسی گونجاو كە حوكمرانی دیموكراتی و سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا بچەسپێنێت، واتە پێشكەوتنی ووڵات و پێكەوە ژیانی پێكهاتە سەرەكی و بچووكەكانی دەستەبەر بكات؟ لە حاڵەتی سەرنەگرتنی پرێنسیپی پێكهاتن، دەكرێت پرێنسیپی زۆرینە ببێتە جێگرەوە واتە بەدیلی پرێنسیپی پێكهاتن بۆ جۆری سیستەمی سیاسی و شێوەی پێكهاتەی دەوڵەت و حاڵەتی پێكەوە ژیانی پێكهاتەكانی؟ لەحاڵەتی سەرنەكەوتنی پرێنسیپی پێكهاتن و جێگرەوەكەی، ئاسۆی پاشەڕۆژی دەوڵەتی عیراق بەگشتی و هەرێمی كوردستان بە تایبەتی چۆن دەبێت؟

### گریمانەی توێژینەوە:

بەو پێیەی گریمانە وەڵامێكی پێشبینی یان چاوەڕوانكراوە بۆ پرسیاری یان پرسیارەكانی توێژینەوە، بۆیە گریمانەی ئەوە دەكەین كە پێكهاتنی (توافق)ی سیاسی پەیوەندیەكی زۆر پتەوی بە سیستەمی سیاسیەوە هەیە. هەروەها ئەو پێكهاتنە (توافوق)ە سیاسییەی عیراقی نوێی پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعسی پێشووی لەسەر بنەڕەتیەوە دروست كراوەتەوە چونكە لە ڕێرەوەی جێبەجێكردنی پرۆسەی سیاسی لە عیراقی نوێ لەبەر چەندین هۆكار ئەم پرێنسیپە لەلایەن دەسەڵاتداران و هێزە سیاسییە كاریگەرەكان پشتگوێ خرا، بۆیە پراكتیزە كردنی حوكمرانی دیموكراتی و جێبەجێكردنی

فیدراڵیزم پەکخران، ئەمەش بووەتە هۆکاری سەرەکی هاتنەکایەی ناکۆکی و کێشە و ئەم ڕەوشە ئالۆز و دژوارەی ئێستاکێ لە عیراق لە ئارا دان.

**میتۆدی توێژینەوە**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە پشت بە ڕێبازی فراوان واتە بەکارهێنانی چەند میتۆدێك دەبەستریێت، لەوانە: میتۆدی مێژویی بەڵگەیی بۆ باسکردن و ئاماژەکردن بە لایەنی مێژویی بابەتەکە و مێتۆدی وەسفی شیکاری بۆ وەسف کردنی سیستەم و شیکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئێستای سیستەمی سیاسی و ڕەوشی ئێستای عیراق و ئاسۆی پاشەڕۆژی دەوڵەتی عیراق.

## بەشی یەکەم
## دەروازەیەکی تیۆری

**باسی یەکەم: دیموکراتی پێکهاتنی (الديمقراطية التوافقية)**

١- **چەمکی دیموکراتی پێکهاتنی (الديمقراطية التوافقية** - Consensual Democracy) لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەوروپا دەرکەوت، ئێستا نمونەیەکە لە سیستەمە حوکمڕانیە دیموکراتییە مۆدێرنەکان، بۆ وەڵامدانەوەی بابەتێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە چۆن سیستەمێك دروست بکرێت کە هاوسەنگی و سەقامگیری سیاسی لە کۆمەڵگا فرەییەکان یان فرەئیتنییەکان دروست بکات، و گروپە کەمینەکانی کۆمەڵگا بەشدار بکات لەبەرێوەبردنی کاروبارە بنەڕەتیەکانیان . بەگوێرەی ئەم پرێنسیپە، سیستەمی سیاسی بریتیە لە گرێبەستێکی پێشوەختە لە نێوان سەرکردەی باڵای لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، ئەم گرێبەستە دەبێتە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەڕەتی ڕەزامەندی لەنێوان گشت لایەنەکان لەسەر بنەمای گشت لایەنەکان براوەن و بەشدارن لە بەڕیوەبردنی ووڵات.

-٢ سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی دیموکراتی تەوافوقی لە کۆمەلگا فرەییەکان

-٣ دیموکراتی تەوافوقی لە کۆمەلگا فرەییەکان یان دەوڵەتە فرەئیتییە پێشکەوتووەکان بەرجەستەکراوە و گەشەی کردووە، بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی لەڕووی سیاسییەوە چەند بەشێکن، هەروەها ئەم دابەش بوونە سیاسییە گرێدراوە بە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، چونکە لەئەنجامی فرەئیتنی کۆمەڵگا ناتوانرێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی سادە دروست بکرێت یان بەردەوام بێت. تاکە چارەسەر بۆ یەکخستنی ئەم پارچەبوونەی خەڵکی ووڵات و چارەسەرکردنی پرسگەلێکی زۆری تایبەت بە نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆر بریتیە لە جێبەجێ کردنی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق)، بۆ ئەوەی لە سنوری یەك دەوڵەتدا بەردەوام بن لەسەر بنەمای بەشداری گشت لایەنەکان لە دەسەڵات و دەستکەوت.

-٤ لە زانستی سیاسەتدا دەوڵەتی فرەگروپ بریتیە لە سیستەمێکی سیاسی دامەزراو لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی گروپە جیاوازەکان (لە: نەژاد، نەتەوە، ئاین، زمان، ئیتنی ...) و بەشداری کردنی نوێنەری هەموویان لە ئیدارەکردن واتە حوکمڕانی. فرەلایەنی سیاسی ڕێگا بە سیستەمی فرەپارتی سیاسی دەدات لە ووڵاتدا، هەموو ئەمانەش لەمیانی پرۆسەیەکی کارلێکراو و بەشداریکردنی لایەنە جیاوازەکان و گشت پێکهاتەکان لە حکومەتدا .

-٥ دیموکراتی تەوافوقی لە سەرەتا دا بەشێوازی پراکتیکی دەرکەوت، پێش ئەوەی بەشێوەیەکی تیۆری لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت. زۆربەی دەوڵەتە فرەگروپییەکان پێویستیان بە دیموکراتی تەوافقی هەیە، بۆ ئەوەی وەك کیانێکی سیاسی یەکگرتوو پارێزگاری لەسەروەری و سەربەخۆی و پێکەوەژیانی خۆیان بکەن. ئەگەری جێبەجێ کردنی پرێنسیپی پێکهاتن لە دەوڵەتان لەبەر رۆشنایی دیموکراتی تەوافوقی زۆرە، لەبەر دوو هۆكار:

**یەکەم**: بەهۆی بەردەوامی کۆچی مرۆڤەکان و جەنگی نێوان دەوڵەتان بەردەوام پێکهاتەی دەوڵەتانی کۆن و ئێستاش لە گۆڕانکاری دایە، بۆیە ناکرێت لە دەوڵەتێکدا تەنها یەك ڕەگەز یان یەك نەتەوە یان یەك ئاین و یەك ئیتنی هەبێت.

**دووەم:** پرێنسیپی پێکهاتن هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری سیاسی و بەشداری گشت پێکهاتەکان لەسەرتاسەری وولات دا، بۆیە دەبینرێت لە وولاتانی ئەوروپی بە شێوازێك دیموکراسی تەوافقی جێبەجێ دەکرێت مەرج نیە هەمان ئەزموون کۆپی بکرێت و لە دەوڵەتانی دەرەوەی کیشوەری ئەوروپا جێ بەجێ بکرێت، چونکە سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵگاکان جیاوازن و توشی کێشە دەبن لە جێ بەجێ کردنی پرێنسیپی پێکهاتن .

## پێناسەی دیموکراتی تەوافوقی

هەرچەندە ناتوانرێت پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ پرێنسیپی پێکهاتن لە سیستەمە دیموکراتییەکان جێگیر بکەین، بەڵام لەلایەن چەند زانایەك پێناسەی دیموکراتی تەوافوقی کراوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**ئارێند لیبهارت** (Arend Lijphart)لە کتێبی دیموکراتی تەوافوقی لە کۆمەڵگا فرەییەکان (Democracy in Plural Societies) دەڵێت: دەکرێت پێناسەی دیموکراتی تەوافوقی بە پشت بەستن بە چوار ڕەگەزی سەرەکی بکەین ڕەگەزی سەرەکی یەکەم بریتیە لە هاوبەندییەکی (إئتلاف) فراوان لە سەرکردە سیاسیەکانی سەرجەم لایەنەکانی ناو کۆمەڵگای فرەییدا. لەمەوە شێوەیەکی تێکەڵاو بەدەست دەهێنرێت. هەندێك جار حکومەت لە هاوبەندییەکی فراوان پێك دێت لە چوارچێوەی سیستەمێکی پەرلەمانیدا، ئەمەش لە ڕێگای کۆمسیۆنێکی فراوان کە ئەرکی ڕاوێژکاری بێت. بەڵام هەندێك جار ئەم هاوبەندییە فراوانە لە سیستەمێکی سەرۆکایەتی دا دەبێت لە نێوان سەرۆك و خاوەن پۆستە باڵایەکانی ناو سیستەم. ڕەگەزەکانی دووەم و سێیەمی دیموکراتی تەوافوقی بە بۆچوونی لیپهارت بریتین لە ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەمینەکان و ڕێژەیی بۆ نوێنەرایەتی سیاسی و دامەزراندن لە خزمەتگوزاریە مەدەنی و داراییەکان. ڕەگەزی چوارەمیش بریتیە لە پێدانی سەربەخۆیی ئیداری بە گشت هەرێم و ناوچەکان لە بەڕێوبردنی کاروباری تایبەت بە خۆیان .

**جیرهارد لامبورگ** (Gerhard Lehmbruch): چەمکی دیموکراتی گرێبەستی (الديمقراگيه التعاقديه) بەکاردەهێنێت بۆ گوزارشت کردن لە دیموکراتی تەوافقی، چونکە بڕیارەکان لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نێوان ڕێكەوتنێكی ئاڵوگۆڕ دەردەچێت لە نێوان نوخبە سیاسییەكان لەجیاتی جەخت كردنەوە لەسەر بڕیاری زۆرینە .

**چەند پێناسەیەكی دیموكراتی تەوافقی:**

١- **تەوافقی وەك هونەری ئیدارەكردنی قەیرانەكان:** ئەمەش لە ڕێگای بانگهێشت كردنی گشت لایەنەكان بۆ بەشداریكردن و گەیاندنی داواكاریەكانیان، هەمووئەمانەش بەهۆی توانا و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهاتە نوێ یەكانی ناو سیستەم نەك بە بەكارهێنانی هێزی لەشكریی و ناچاركردن.

٢- **تەوافقی وەك ئامرازێكی پەیوەندی:** دیموكراسی توافقی وەك ئامرازێك بەردەوام لە پەیوەندی دایە لە نێوان پێكهاتە و نەژادە جیاوازەكانی ناو كۆمەڵگا دابەشبوەكان، بەپێی قۆناغەكانی مێژوو ئەم پەیوەندیە پێشوەچوونی بەخۆوە بینیوە، چارەسەری قەیرانەكانی ناوخۆی كردوە وەك لە وولاتانی نەمسا، سویسرا، بەلچیكا، لە لوبنان (پێش دروست كردنی دەوڵەت لە ناو دەوڵەتی شیعەكان، لە باشوور و بەشێك لە پایتەختی ئەم وولاتە لەم ساڵانەی دوایی).

٣- **تەوافقی وەك ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی:** ئەم ڕێكخستنە كۆمەڵایەتییە بەتایبەت لە كۆمەڵگا دابەشبووەكان بە زەقی دەردەكەوێت، بۆیە لە ڕێگای ئەم پرێنسیپە هەوڵی گرێدانەوەی كۆمەڵگا دەدرێت بۆ دروست كردنی سەقامگیری كۆمەڵایەتی.

٤- **تەوافقی وەك خاڵی یەكلاكەرەوە:** ئەركی بنەڕەتی پرێنسیپی پێكهاتن بریتیە لە نێوەندگیری لە نێوان گروپە ئیتنی و سیاسی و كۆمەڵایەتییە جیاواز و ناتەبا یان ناكۆكەكانی كۆمەڵگا، ئەمەش لە ڕێگای چارەسەری یەكلاكەرەوە كە زۆربەی جار بە دانوستاندن بنبەست دەكرێن .

**پرێنسیپەكانی دیموكراتی تەوافوقی بە گوێرەی ڕێزبەندیی ئارێند لیبهارت :**

**أ - هاوبەندیی بەرفراوان (الائتلاف الواسع):**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگترین پرێنسیپی دیموكراتی تەوافقی بریتیە لە هاوبەندییەكی بەرفراوان، ئەم هاوبەندییە لە نێوان سەركردە سیاسیەكانی گشت كەرت و هەرێمەكانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەی سیستەمێكی سیاسی پڕ هاریكاری دروست بكەن و ووڵات بە تەبایی و پێكەوە بەڕێوە ببەن. ئەو وڵاتانەی فرە پێكهاتەیین، و گروپە نەتەوەیی یان ئاینی یان مەزهەبی یان كولتورییە جیاوازەكانی بەردەوام ناتەبا یان ناكۆكن لەگەل یەكدی، هەمیشە یەكگرتوویی ووڵات و سیستەمیان لە مەترسی پارچە پارچە بوون و ناسەقامگیریی دایە. بەڵام لە سایەی سیستەمی دیموكراتی تەوافوقی لەم جۆرە وڵاتە فرەییانە حكومەتێكی هاوبەندیی تەوافقی، بە بەشداری نوێنەرانی گشت پێكهاتەكان دروست دەبێت و سەقامگیریی و ئۆپۆزۆسیۆنێكی پەرلەمانی بەهێزیش هەیە. بە پێچەوانەی سیستەمەكانی دیموكراتی زۆرینە، كە دەنگ و مافی كەمینە لایان پشت گوێ دەخرێن. لە هاوبەندی بەرفراواندا چونكە دەستكەوتەكان هاوبەشن، گشت لایەنەكان خۆیان بە براوە دەزانن بۆیە بە ئاسانی دەتوانرێت كۆدەنگی لەسەر بابەت و پرسەكان دروست بكرێت.

**ب - ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ (الفيتو المتبادل):**

لێرەدا مافی تانەگرتن دەدرێتە كەمینەكانی بەشدار لە حكومەتی هاوبەندی بەرفراواندا، مافی ڕەتكردنەوەی ئەم بڕیارانەیە كە زۆرینە باوەڕیان پێی هەیە و كەمینەش لە بەرژەوەندی خۆیدا نایبینێت، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی كەمینە لە هەژموونی زۆرینە دایە. ئەم مافە دەكرێت بە شێوەیەكی عورفی نەنوسراوبێت وەك ئەوەی لە سویسرا هەیە، هەروەها دەكرێت مافی ڤیتۆی كەمینە بە ڕێگای ڕێسایەكی فەرمی نوسراو لەدەستور دا هەبێت وەك ئەوەی لە نەمسا هەیە.

**ج - ڕێژەییبوون (النسبية):**

ئەم پرێنسیپە هاوشێوەی ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ هۆکارێکی گرنگە بۆ سنوردارکردنی حوکمی زۆرینە، و پەیوەندیەکی بەهێزی بە هاوبەندیی فراوان هەیە. لە ڕێژەیی دا کەمینەکان ئاستی نوێنەرایەتیەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ ئاستی زۆرینە و کۆمەڵە زۆرەکان، لە دەستوری بەلچیکا ی ساڵی ١٩٧٠ فەڕەنسییە نیشتەجێیەکانی هۆڵەندا ئاستی نوێنەرایەتیان بەرزبۆوە و بەفەرمی ئاستی گرنگی پێدانیان بەرزبۆوە.

مەبەست لە ڕێژەیی دابەشکردنی دامەزراندن و توانای گشتی و سەرچاوە داراییە سنوردارەکان و یارمەتیە حکومیەکانە لەسەر گشت کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. ڕێژەییبوون پێوەرێکی بێ لایەنە و بێ لایەنگیرە چونکە بە هۆیەوە هەموو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگای فرەیی لە بابەتە خوازراوەکانی کۆمەڵگادا وەك دەسەڵات و داهات بە ڕێژەی قەبارەی خۆیان بەشداردەبن، ئەمەش بۆ دابەش کردنی ئەرکی یەکگرتوویی هێشتنەوەی بڕیارەکانە .

ح- **سەربەخۆیی ناوچەیی** - خۆجێیی - و فیدراڵیەت (الاستقلال القگاعی - المحلی - والفیدرالیه):

ئەم پرێنسیپەش لادانێکی ترە لە حوکمی زۆرینە، مەبەست لەم پرێنسیپە بریتیە لەوەی هەر پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای فرەیی سەربەخۆ بێت لە بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە کاروباری تایبەت بە پێکهاتەکەیانەوە هەیە. ئەم سەربەخۆیی ناوچەییە لە حوکمی دیموکراتی دا دوو تایبەتمەندی هەیە: ئەوانیش سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی ئابورین لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە. لەگەڵا ئەوەی کۆمەڵگا فرەییەکان هەمەجۆرییان هەیە لە جیاوازی نەتەوەیی و ئیتنی و نەژادی و زمانی و ئاینی، بەڵام بەهۆی پیادەکردنی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) هیچ یەکێك لە کەمینەکان نەتواوەتەوە لەناو ئەوی تریان، بۆیە هەر پێکهاتەیەك ئازادانە گوزارشت لە تایبەتمەندی و کەسایەتی خۆی دەکات. ئەم سەربەخۆییەی ناوچەکان و پێکهاتەکان دەکرێت بگۆڕدرێت واتە پێشبخرێت بۆ فیدراڵی، جا ئەم فیدراڵییە فیدراڵی هەرێمی (territorial) بێت واتە پێکهاتەکان خاوەنی خاکی نەتەوەیی ( national territory)دەستنیشانکراو ڕەسەنی خۆیان بن وەك کانتۆنەکانی سویسرا و هەرێمە تیریتۆریالییەکانی بەلچیکا، یان فیدراڵیەکی نا هەرێمی کە خاوەن خاکێکی سنوردار نەبن (بۆ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونە زمانیی – وەك هەرێمی زمانیی کەمینەی ئەلمانی لە چوارچێوەی هەرێمی تیریتۆریالی ڤالۆنیا لە دەوڵەتی فیدراڵی بەلچیکا) .

 مەرج و فاکتەرەکانی پەیڕەو و جێبەجێ کردنی دیموکراتی پێکهاتنی (توافقی):

**یەکەم**: ئەگەر دەسەڵاتداران و سەرکردەی نوخبەکان بە قۆناغێکی ناکۆکی و دژایەتی کردنی یەکتری تێدەپەڕن و ناگەنە ڕێکەوتن، لەم حاڵەتە دا دیموکراتی پێکهاتنی (توافق)ی دەبێتە تاکە ڕێگای بنبەست کردنی ناکۆکی نێوان لایەنەکان و هەموو پێکەوە وەك شەریك بەشداری لە بەڕێوەبردنی ووڵات بکەن. نەمسا نمونەیەکی بەرچاوی ئەم ڕەوشەیە بەتایبەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێك سەرکردەی لایەنە سیاسیەکان بە قۆناغێکی ئاڵۆزی شەڕی ناوخۆی دا تێپەربوون، لەکۆتایدا لەسەر بنەمای پێکهاتن (توافق) هەردووك پارتی گەل و پارتی سۆشیالیست (ئیشتراکی) گەیشتنە ڕێکەوتن لەسەربنەمای دیموکراتی تەوافوقی.

**دووەم**: پێویستە دەسەڵاتداران و نوخبە سیاسییەکانی ووڵات ویست و پشتگیری تەواویان هەبێت بۆ بونیادنانی دیموکراتی تەوافوقی و پابەند بوون بە ئەرکی دامەزراوە دیموکراتییەکان و پرێنسیپە نیشتمانییەکان.

**سێ یەم**: نوخبە و سەرکردایەتی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ و ستراتیژی هەیە لە گشت قۆناغەکانی بونیادنان و گەشەکردنی دیموکراتی تەوافوقی .

 لیبهارت دوو فاکتەر بە ڕێگا خۆشکەر دادەنێت بۆ جێبەجێ کردنی دیموکراتی پێکهاتنی (توافق)ی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو (الدول النامیە) :

**یەکەم:** ئەگەر لایەنە سیاسیەکان خەباتێکی مێژوویی هاوبەشیان هەبێت لە دژایەتی داگیرکەری کۆلۆنیالیست (الاستعمار) یان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکانی سەر ووڵات، ئەمەش

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاندەر و یارمەتیدەرە بۆ لەیەك تێگەیشتنی تەواو لە نێوانی تاکی نوخبە سیاسییە نیشتمانییەکان و زاڵبوون بەسەر خاڵە جیاوازەکانی نێوانیان.

**دووەم**: حاڵەتی بەهێزیی پەیوەندییەکان لە نێوان سەرکردە سیاسییەکان لە ووڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری، وادەکات کە دەرگای لێك تێگەیشتن هەمیشە والا بێت و کۆدەنگی بە ئاسانی دەستەبەر بکرێت.

## پەیوەندی نێوان دیموکراتی تەوافوقی و فیدراڵیزم

١- لە هەردووك سیستەمی فیدراڵی و تەوافوقی میکانزمی تایبەت هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە مەرکەزیەت و تاکرەوی لە دەسەڵاتی دەوڵەت.

٢- هەردوو سیستەمی سیاسی هەوڵی بەدیهێنانی سەقامگیری لە کۆمەڵگایەك دەدەن کە ناکۆکی و بێ متمانەیی و پێکدادان هەیە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی.

٣- هاوسەنگی نێوان پێکهاتە دیموکراتیەکان و یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی (ئیتیحادی) بەرجەستەکەری سەرکەوتنی پرێنسیپی توافق و فیدراڵیەتە.

٤- ڕۆڵی نوخبە سیاسییەکان گرنگە لە سەرخستنی دیموکراتیەتی تەوافوقی و چەسپاندنی فیدراڵیەت.

٥- هەبوونی ڕێکخستن و بەها دیموکراتییەکان بنەمای پراکتیزەکردنی پێکهاتن (توافق) فیدراڵییەتە.

٦- لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان مەرجە دیموکراتی تەوافوقی هەبێت بۆ گەشەی یەکە فیدراڵیەکان. بەڵام مەرج نیە لەو دەوڵەتانەی دیموکراتی تەوافوقی پەیڕەو دەکرێت دەوڵەتەکان فیدراڵی بن، نموونە حاڵەتی دیموکراتی توافوقی لوبنانە، سەرەڕای نەبوونی سیستەمێکی فیدراڵی.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٧- دیموكراتیەتی تەوافوقی سەرەتا قۆناغی سیستەمێكە كە بە هەبوونی بارودۆخی گونجاو (بە نەمانی جیاوازكاریی ئیتنی و سەردەستی و ژێردەستی گرووپە جیاكانی دەوڵەت) دیموكراتیەتی زۆرینە جێگەی دەگرێتەوە، بەڵام لە فیدراڵیەتدا قۆناغبەندی نیە و دەوڵەتی ئیتیحادی وەك كیانێكی یاسایی فیدراڵی (ئیتیحادی) دەمێنتەوە. (واتە دەوڵەت بە پێكهاتەیی و نامەكەزی سیاسی دەمێنێتەوە و نابێتەوە دەوڵەتێكی سادە و مەركەزیی).

٨- لە نێوان دیموكراتیەتی تەوافوقی و یەكگرتنی فیدراڵی ئامانجێكی هاوبەش هەیە، كە بریتیە لە پاراستنی كۆمەڵگا لە دابەش بوون و مانەوەی بە یەكگرتوویی سەرەرای هەبوونی جیاوازیەكان واتە تایبەتمەندیی گروپ و هەرێمەكان.

## باسی دووەم: هەڵسەنگاندنی دیموكراتی پێكهاتنی (توافق)ی، لایەنە ئەرێنیەكان و نەرێنیەكان

### أ- لایەنە باشەكان (ئەرێنییەكانی) دیموكراتی تەوافوقی:

١- دیموكراتی تەوافوقی سیستەمێكی سیاسی حوكمڕانی سەقامگیر دروست دەكات لە ناو كۆمەڵگا فرە پێكهاتە نەژاد و نەتەوە و زمان و ئیتنە جیاوازەكان لەسەر بنەمای پێكهاتنی (توافق)ی پێكهاتەكان .

٢- دیموكراتی تەوافوقی رێگە لە دروستبوونی قەیرانە دەستوورییەكان (یاسایی و سیاسییەكان) دەگرێـت، بەهۆی ئەوەی تەوافوق گشت لایەنە سیاسییەكان بە هاوبەشی لە پرۆسەی سیاسی و دروستكردنی بڕیار بەشدار دەكات. بەم شێوەیە لایەنەكان دووردەكەونەوە لە دروستكردنی لەمپەر و بەربەست بۆ یەكتری، بەپێچەوانەوە زۆرجار سازش (تەنازول) دەكەن بۆ لایەنی بەرامبەر واتە بۆ یەكتر بۆ چارەسەركردنی كێشە گەورەكان.

٣- بە بەكارهێنانی پرێنسیپە جیاوازەكانی تەوافوق (وەك: هاوبەندیی بەرفراوان، ڤیتۆی ئاڵوگۆڕ بۆ كەمینە، رێژەییبوون و سەربەخۆیی ناوچەیی و فیدڕاڵی) ماف و دەنگی كەمینەكان دەپارێزرێن، و هیچ بڕیارێك لەلایەن زۆرینەوە (زۆرینەی گەلی یان ئاینی گەورە) تێناپەڕێندرێت و ناسەپێندرێت بێ ڕازیبونی كەمینەكان.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- ديموكراتى تەوافوقى لە ڕێگای سەربەخۆیی ناوچەیی و فیدراڵی مافی گشت ناوچە و هەرێمەکان دەپارێزێت لەسەر بنەمای حکومەتێکی ناوەندی بەهێز و ڕێزگرتن لە گشت هەرێمە فیدڕاڵییەکان، چونکە جۆرێك لەسەربەخۆیی ئیداری و دارایی دەداتە ناوچە و هەرێمە فیدراڵییەکان.

٥- بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکان لە ڕێگای تەوافوق لەنێوان زۆرینە لە پەرلەمان، ئەمەش ڕێگا ئاسان دەکات بۆ چاکسازییە ئابوری و سیاسی و یاساییەکان.

**ب- لایەنە خراپەکانی (نەرێنییەکانی) دیموکراتی تەوافوقی:**

١- درەنگ پێکهێنانی حکومەت بەهۆی دانوستان و کۆبونەوە بەردەوامەکانی نێوان لایەنە سیاسییە خاوەن بەرنامە و ئایدۆلۆجیا جیاوازەکان پێش پێکهاتنی حکومەت. هەروەها دروست کردنی بڕیار کاتێکی زۆر دەخایەنێت بەهۆی ڕاوێژکردن بە گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو حکومەت.

٢- نەبونی ئۆپۆزۆسیۆنی پەرلەمانی (بەهێز)، بەهۆی بەشداری پێکردنی زۆربەی زۆری یان گشت لایەنەکان، بەمەش گەندەڵی بڵاودەبێتەوە بەهۆی چاوپۆشی کردنی لایەنەکان لە هەڵە و پێشێلکاریی یەکتری. زۆرجار سەرۆك و سەرۆك وەزیرانیش ناتوانن لێپرسینەوە لەگەل وەزیرەکانی لایەنە سیاسییەکانی تر بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پرینسیپی تەوافوق لەلایەن حزبە سیاسییەکان بە خراپی بۆ بەرژەوەندی تایبەت وەك بەشبەشانێی حزبی و شەخسی (محاصصە حزبیە وشخصیە) و خزم خزمێنە و دەستوپێوەندیی (محسوبیە ومنسوبیە) و دانانی کەسانی نەشارەزا و نەشیاو لە پۆستە هاوبەشە باڵاکانی دەوڵەت.

٣- لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، هەندێك جار لایەنێکی سیاسی کە نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکات لەدەرەوە خاوەن سیاسەتێکی جیاوازە لەگەل دیدگای هاوبەشەکانی، بەم شێوەیە دووجەمسەریی (أزدواجیە) یاخود فرەدیدگایی و جیاواز، ڕێگا بە دەستتێوەردانی دەرەکی دەدات لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتدا .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- ئەريك نۆردلينگەر دەڵێت: ديموكراسی تەوافوقی هەندێك جار دەوڵەت بەرەو پارچەكردن و هەڵوەشاندنەوە دەبات بەهۆی پرێنسيپی سەربەخۆيی ناوچەيی و هەرێمی فيدراڵی، چونكە ئەم هەرێمانە دواجار هەوڵی جيابونەوە و سەربەخۆيی دەدەن .

## بەشی دووەم
## پرێنسیپی پێكهاتن لە عیراقی نوێ (مبدأ التوافق فی العراق الجديد)

**باسی یەكەم: سەرهەڵدان و جێبەجێكردنی پرێنسیپی پێكهاتن (توافق)ی سیاسی لە عیراقی نوێ**

ڕاستەوخۆ دوای ڕوخانی ڕژێمی دیكتاتۆری سەددام حسین لە حوكمڕانی سیاسی عیراق و كەوتنی بەغداد، كۆبوونەوەیەكی گرنگ لەنێوان هێزە ئۆپۆزۆسیۆنەكانی ڕژێمی بەعس لە ناوەڕاستی مانگی نیسان لە شاری ناسریە بەڕێوەچوو بۆ جەخت كردنەوە لەسەر بڕیارەكانی كۆنفرانسی لەندەن و كۆبوونەوەی هەولێر كە پێش ڕوخانی بەعس سەبارەت بە ئایندەی سیاسی عیراق ئەنجامدرابوون.

ديموكراتی تەوافوقی وەك نموونەی سیستەمێكی سەركەوتوو لە كۆمەڵگا فرەئیتنییەكان پێشنیاركرا بۆ عیراق بەهۆی ئەوەی كە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاكو ئێستا كۆمەڵگایەكی

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فرەپێکهاتە بووە، خاسیەتێکی گرنگی دیموکراتی تەوافقیش بریتیە لە دروستکردنی هاوبەندییەکی گەورە و بەشداری پێکردنی نوێنەرانی گشت پێکهاتە زۆرینەوە و کەمینەکانی کۆمەڵگای عیراقی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی دا، بە پێچەوانەی دیموکراتی نوێنەرایەتی کە هۆکاری ناهاوسەنگی زۆرینەیە بەسەر کەمینە لە کۆمەلگا و لە ئەنجومەنی نوێنەران. ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای گرتنی عیراق هەوڵی جێبەجێ کردنی دیموکراتی تەوافوقی دا و ڕەچاوی دابەشبوونی کۆمەلگای عیراقی بۆ سێ پێکهاتەی سەرەکی (عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە و کورد) و چەند کەمینەیەکی نەتەوەیی و ئایینی کرد ، هەنگاوی یەکەمی ئەمریکا بۆ پرۆسەی سیاسی بونیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق بریتی بوو لە دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکمڕانی (مجلس الحكم) لە ١٣ی تەموزی ٢٠٠٣، بە بەشداری گشت پێکهاتەکانی عیراق لەسەر بنەمای (فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و حزبی). ئەنجومەنی حوکم ئەرکی ڕاوێژکاری بوو، و پۆل بریمەر حاکمی مەدەنی ئەمەریکا لە عیراق پێشنیاری دامەزراندنی کرد. ئەم ئەنجومەنە لە (٢٥) ئەندام پێکهاتبوو، بەم شێوەیە دابەش کرابوو: ١٣ ئەندام بۆ عەرەبی شیعە و ٥ ئەندام بۆ عەرەبی سوننە و ٥ ئەندام بۆ کورد و ١ ئەندام بۆ تورکمان و ١ ئەندام بۆ مەسیحییەکان) .

- **پاڵنەرەکانی جێبەجێ کردنی دیموکراتی پێکهاتنی (توافقی) لە عیراق**

**١- فرە پێکهاتەیی کۆمەڵگای عیراقی:**

کۆمەڵگای عیراقی کۆمەڵگایەکی جۆراوجۆر و فرەییە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی پێویستی بە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەم هاوسەنگیەش کاتێك بەدیدەهێنرێت کە گشت لایەنەکانی خەڵکی عیراق بەشداری لە پرۆسەی سیاسی دەکەن. بەدرێژایی مێژوو عیراق لە لایەن (ڕاگەیاندنی حوکمرانییەکانیەوە) بە دەوڵەتێکی پێکەوەژیانی فرە ڕەنگ پێناسە کراوە، بێ ئاماژەدان بە سروشت و واقیعی ئەم پێکەوەژیانە. لە ڕاستیدا ئەم وەسفە تەنها خەیاڵێکە و هیچ تەبایی و پێکەوەژیانی ئارام لە سەرەتاوە تاکو ئێستا بوونی نەبووە و نییە، بەڵکو لە ڕێگای زۆرەملێ لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە هەوڵی ڕاگرتنی یەکگرتوویی دەوڵەت و سەپاندنی پێکەوەژیانی گشت پێکهاتەکانی دراوە. بۆیە دیموکراتی تەوافوقی وەك فریادڕەسێك سەیر دەکرا بۆ بونیاتنانەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەتی عیراق بە بەشداری پێکردنی گشت پێکهاتەکان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون.  چونکە لە ساڵانی ڕابردوو هەمیشە بە کردەیی و لە دەستووری کاتیش هەوڵ دەدرا عیراق وەك دەوڵەتێکی عەرەبی و مەرکەزی لە لایەن گروپێکی دیاریکرا و سەر بە پێکهاتەیەکی سەرەکی حوکمرانی بکرێت، سەرباری هەبوونی گەلی کورد وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی و لە ئاکامی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لكاندنی بەشێك لە نیشتمانەكەی (كوردستانی باشوور) لە ساڵی ١٩٢٥ بە دەوڵەتی عیراق دامەزرێندراو لە لایەن بەریتانیا لە سالی ١٩٢١، لەگەڵ ئەوەی هەم كۆمەڵەی گەلان لە بریاری لكاندنی ویلایەتی موسل (كوردستانی باشوور) چەندین ڕاسپاردەی سەبارەت بە مافە ئیداری و كولتووریەكانی كورد داوە، هەروەها چەندین بەیان و ڕێكەوتن لە بارەی چارەسەركردنی پرسی كورد لە نێوان حوكمرانانی عیراق و نوێنەرانی گەلی كورد لەم دەوڵەتە دەرچوون و بڵاوكراونەتەوە، بە پێچەوانەوە هەر لە سەرەتاوە گەلی كورد لەبەر داواكردنی مافە سەرەتاییە دانپێدانراوەكانیشی تووشی سەركوتكردن و ستەم و چەوساندنەوەی جۆراوجۆر بووەتەوە، هەم لەلایەن داگیركەری بەریتانی و هەم لە لایەن حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عیراق لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و كۆماری، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیش ئەم ستەمە گەیشتە لوتكە كاتێك رژێم لە ژێر سەركردایەتی دیكتاتۆر سەددام حسین لە سالانی ١٩٨٧ و١٩٨٨ شاری هەڵەبجە و دەوروبەریان بە گازی ژەهراوی بۆردمان كرد و سەدان هەزار منداڵ و ژن و پیاوی كوردیان لە هەلمەتی "ئەنفال" بە دڕندانەترین شێوە لە بیابانەكانی باشووری عیراق لە گۆڕی بە كۆمەل زیندەچاڵ كرد. لە ڕاستیدا ئەو هەموو ستەم وچەوساندنەوە دووروودرێژە، بە تەنها تاوانی كۆمەڵكوژی (جینۆسایدی) "ئەنفال" بە پێی جارنامەی مافی مرۆڤ و بە پێی یاسای نێودەولەتی بەسە و هۆكارە بۆ داواكردنی سەربەخۆیی كوردستانی باشووری بەزۆر لكێندراو بە دەوڵەتی عیراقی عەرەبی ستەمكاری بەردەوام لە گەلی كورد و هەموو خەڵكی كوردستانی باشوور و لە خاكی كوردستانی باشووری بە زەبری هێز چەندین جار داگیركرا و زەفتكراوی. بۆیە دەبوایە دەسەڵاتدارە عەرەبەكانی عیراق سوپاس گوزاری گەلی كورد بووانە، كە متمانەی پێیان هەبێت جارێكی دیكە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەت دا بژین، لە كاتێك دا هێشتا ئەوان زۆرینەی دانیشتووانی ئەم دەوڵەتە پێكدەهێنن، و بەم پێیەش دەسەڵات لە حاڵەتی دیموكراتیش تەركیز دەبێت لای ئەوان، و ئەگەر بە پێی دیموكراتی ڕێژەیی بە گوێرەی پرێنسیپی دیموكراتی زۆرینە بێت، دیسان كارەساتەكانی ستەمكاری و چەوساندنەوەی گەلی كورد پێنج بارە و دەبارەش دەكەنەوە و سەرلەنوێ هەموو كەمینە نەتەوەیی و ئایینییەكانی عیراق دەچەوسێننەوە و مافە سیاسی و ئیداری و كولتوورییەكانیان پشتگوێ دەخەن، لەبەر ئەم هۆیانە دیموكراتی تەوافوقی نەك تەنیا چاكە بۆ عیراق نوێ، بەڵكو پێویستە و مەرجی جێبەجێكردنی دەستوور واتە دادپەروەری و سەقامگیریی و پێكەوەژیان و هاوكاریی و پێكەوتنی وڵات و پاراستن و خۆشگوزەرانی خەڵكەكەیەتی .

## ٢- سروشتی ئاراستەی لایەنە سیاسییەكانی عیراق:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕژێمی بەعس هەر لەسەرەتای حوکمرانییەوە تا کۆتایی هاتنی لە ٢٠٠٣ پەیڕەوی سیاسەتی حوکمی تاکحزبی "سەرکردەی" دەکرد، بەجۆرێك کە هیچ پارتێك و لایەنێکی سیاسی بۆی نەبو بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی بکات. لایەنە ئۆپۆزۆسیۆنەکانی عیراق لە کۆنفرانسی لەندەن لە ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ بەپێی نەخشەکێشانی سیستەمێکی نوێ لێژنەی چاودێری و هەماهەنگیان دامەزراند بۆ بەشدارییپێکردنی گشت هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان، لە کۆی ٦٥ ئەندام ٦٦% ی درا بە هێزە عەرەبیە ئیسلامییە عیراقییەکان لە (شیعە و سوننە) و ٢٥% ی دانرا بۆ لایەنە کوردییەکان و ٦% بۆ هێزە تورکمانییەکان و ٣% بۆ ئاشوریی و کلدانە (مەسیحییەکان) و کەمینەکانی تر. پاشان لە کۆنفرانسی هەولێر (بە پێی ڕێکەوتنی "إتفاقيه صلاح الدين – أربيل") جەخت کرایەوە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی نوێی عیراق (پاش ڕوخانی رژێمی بەعس) لەسەر بنەمای بەشداری هەموو پێکهاتەکان بە پێی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) پێکبهێنرێت، چونکە سەردەمێکی درێژ تێپەری بوو کە لایەنە کوردییەکان و هێزە عەرەبە شیعییەکان و هەندێك لایەنی عەرەبی سوننی پەراوێزکرابوون، هیچ ڕۆلێکیان لە پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی دەوڵەتی عیراق نەبوو ، جگە لە کارەساتە دلتەزێنەکانی بەسەر گەلی کورد و خەلکی کوردستانی باشووریان دا هێناوە و جگە لە کاول کردنی هەزاران گوندی کوردستانی باشوور و ڕاگواستنەوەی دانیشتووانەکانیان بە کۆمەلگای زۆرەملێ لەو ماوەیەدا.

## ٣- قۆناغی گواستنەوە (بەرەو بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی):

گۆڕانکارییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ لە عیراق شایەتی چەندین پێشوەچوون بوون لە عیراق، بەجۆرێك عیراق لە سیستەمێکی دیکتاتۆری و تاك حزبی بەرەو سیستەمی دیموکراتی بە بەشداریکردنی لایەنە سیاسییەکانی گشت پێکهاتەکان هەنگاوی نا، خەڵکی عیراق لە کەشێکی داخراوی سەردەمی بەعس، پاش بێبەش بوونیان لە ئازادی و مافە بنەرەتیەکانیان بۆ نزیکەی ٣٥ ساڵ، کرانەوەی بەخۆی بینی و بەهۆی ئاگاداربوونەوەی لە جیهانی دەرەوە بە هۆی دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکان و لە ڕێگای هاتنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دامەزراندنی سەدان ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی. هەرچەندە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك سەرکردەی هاوپەیمانانی جەنگی سێیەمی کەنداو کەوتە حاڵەتی داگیرکار لە عیراق و دەسەڵاتی کاتی بەڕێوەبردنی هەموو عیراقیشی پێ ڕاسپێردرا، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی بەشدارییپێکردنی گشت پارتە سیاسییەکانی واتە نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی عیراقی دەدا لە دروستکردنی بڕیار سەبارەت بە پاشەڕۆژی دەوڵەتی عیراق و خەڵکەکەی.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆیە پرۆسەی بە دیموکراتی کردنی عیراق هەر لە سەرەتاوە زیاتر بە جێبەجێکردنی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) چەسپا. بەمەش تەوافوق وەك چارەسەرێك سەیردەکرا بۆ ئەم دۆخە لە پێناوی کەمترین زیان و زۆرترین دەستکەوت بۆ هەموو عیراقییەکان .

## ٤- ڕۆڵی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بونیاتنانی دیموکراتی تەوافقی لە عیراق:

وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوای داگیرکردنی عیراق و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس هەوڵی چەسپاندنی دیموکراتیەتی وەك یەکەم بنەمای عیراقی نوێی دا، لە ڕێگای چەسپاندنی پرینسیپی تەوافوق لە نێوان هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی کە بریتین لە: عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کورد و بە بەشداری پێکردنی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کەڵەکە بووەکانی سەردەمی رژێمی ڕوخاوی بەعس و پرسە هەنووکەییەکان. ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە هەوڵەکانی بۆ ئەم ئامانجە چڕ کردەوە و لە ١٣ی تەموزی ٢٠٠٣ ئەنجومەنی حوکمڕانی بۆ عیراق دامەزاند، کە لە ژێر سەرپەرشتی حاکمی مەدەنی ئەمریکا لە عیراق (پۆل برێمەر) بوو. ئەم ئەنجومەنە لە (٢٥) ئەندام پێکهاتبوو، لەسەر بنەمای ڕێژەی پێکهاتەکان: (١٣) ئەندام درا بە عەرەبە شیعەکان و (٥) ئەندام بە عەرەبە سوننەکان و (٥) ئەندام بە کوردەکان و ئەندامێك بۆ تورکمانەکان و ئەندامێك بۆ مەسیحییەکان دانرا.

ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ پرۆژەی جێبەجێکردنی پرێنسیپی تەوافوق لە عیراق. لە بارەی فیدراڵییەتیش، کە بنەمای دووەمی عیراقی نوێیە، پرێنسیپ و هەنگاوە کردەییە سەرەتاکان لە پێشدا لە ساڵی ٢٠٠٤ لە "یاسای بەڕێوەبردنی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە– قانون إدارە الدولە العراقیە للفترە الأنتقالیە) دانران و ساڵی دواتریش لە دەستووری ئیتیحادی عیراق دا لە ڕێگەی ڕیفڕاندۆم لە لایەن خەڵکی عیراق چەسپێندران. دواتریش کۆسپ و تەگەرە کەوتنە سەر ڕێڕەوی پڕاکتیزە کردنی فیدراڵیزم، دوای دەرچوونی یاسای ژمارە ١٣ ی ڕێکارەکانی دامەزراندنی هەرێمە فیدراڵییەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ ، لەگەڵ زیادبوونی بەربەستەکانی سەر ڕێگەی دامەزراندنی هەرێمەکان جێگری سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا جۆی بایدن* دەستپێشخەریی دامەزراندنی سێ هەرێمی بۆ دەوڵەتی ئیتیحادی عیراق کرد، لەسەر بنەڕەتی جیۆگرافی نیشتەجێی پێکهاتە سەرەکییەکان، هەرێمی عەرەبی شیعە و هەرێمی عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان، بێگومان پارێزگای بەغدادیش دەبووە هەرێمی چوارەم وەك برۆکسلی پایتەختی دەولەتی فیدراڵی بەلجیکا. چونکە بە پێی دەستووری ئیتیحادی عیراقیش نابێت پاریزگای بەغداد سەر بە هیچ هەرێمێك بێت واتە دەبێت هەرێمێکی تایبەت بێت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ نووسینی دەستوری عیراق و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بەرایی ساڵی ٢٠٠٥ ئەمریکا پاڵپشتی زیادکردنی ڕێژەی ئەندامانی عەرەبی سوننەی لە لیژنەی دارشتنی دەستوری عیراق کرد، ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە ڕەسەن بوون و ڕاوێژکاریش بوون. بەم شێوەیە حکومەتی ئەمریکا بەردەوام هەوڵی چەسپاندنی پرێنسیپی تەوافوقی دەدا لە عیراق بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە عیراق ، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی ستراتیجی خۆیشی دابوو.

## باسی دووەم

## ڕیشەی دەستوریی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) لە دەستوری عیراق

لێرەدا باس لەو مادە و بڕگانەی دەستوری هەمیشەیی عیراق دەکەین، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەکاتی دانانی ڕەشنووسی واتە پێش پەسەندکردنی لە لایەن گەلەوە پێکهاتن و ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، و لەهەندێك شوێندا تەوافوق وەك مەرجی سەرەکی ڕەچاوکراوە بۆ دابەشکردنی پۆستە باڵاکان و پێکهێنانی کابینەی حکومەت. دەستوری عیراق لە شەش بەش (باب) و لە ١٤٤ مادده پێك هاتوە. لە گرنگترین ئەو ماددانەی تایبەتن بە جێبەجێ کردنی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد و کەمینە نەتەوەییەکان بە پێی پرێنسیپی تەوافوق بریتین لە:

**یەکەم: ماددەی -٤-**

**لە بڕگەی یەکەم دا چەسپاوە:**

زمانی عەرەبی و زمانی کوردی زمانی فەرمی عیراقن، و مافی عیراقییەکانیش دەستەبەر دەکرێت لەوەی کەوا ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایك وەك تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی بخوێنن، لە فێرگە حکومییەکان، یان بەهەر زمانێکی تر لە دامەزراوەکانی فێرکردنی تایبەت، بەگوێرەی ڕێنماییە پەروەردەییەکان .

ئەم بڕگەیە ئاماژە بە لایەنێکی گرنگی ژیانی تاکەکانی عیراق دەکات، ئەویش پەروەردە و خوێندن و فێرکردنە، جگە لە کورد و عەرەبی عیراق چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی تر هەن لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عیراق، داننان بە مافە سیاسی و کولتووریەکانیان و بە پێگەی کۆمەڵایەتیان و بەشداری پێکردنیان لە دامەزراوەکانی دەوڵەت شان بە شانی عەرەب و کورد یەکێکە لە ڕەگەزەکانی تەوافوق لە پێناوی سەقامگیریی و دادپەروەری و پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن و هاوکاری کردنی یەکدی. بەڵام ئەم مادده گرنگە هێشتا بە دروستی و تەواوی جێبەجێ نەکراوە.

**دووەم: مادەی – (٩)**

**لە برگەی یەکەم (أ) دا نووسراوە:**

هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنییەکانی عیراق لە پێکهاتەکانی گەلی عیراق پێکدێن و ڕەچاوی هاوسەنگی و وەك یەکتریان بۆ دەکرێت بەبێ جیاکاریی و پەراوێزخستن، و لە ژێر سەرکردایەتی دەسەڵاتی سڤیلی (مەدەنی) دادەبن، و بەرگری لە عیراق دەکەن، و نابنە ئامرازی سەرکوتکردنی گەلی عیراق و دەست لە کاروباری سیاسی وەرنادەن و هیچ ڕۆڵێکیان لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات نەبێت.

بەهۆی فرە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و زمانی دانیشتووانی عیراق، هەمیشە مەترسی ئەگەری ڕوودانی ناکۆکی و کێشە واتە ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عیراق هەیە. بە درێژایی مێژوو سوپای عیراق بۆ مەبەستی کودەتای لەشکریی و وەك ئامرازی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی خەڵکی عیراق بەکارهاتووە، بەتایبەتی چەوساندنەوەی کوردەکان، و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و هی شیعەکانیش. بۆیە لەم مادەیە دا هەوڵدراوە بەشێوەیەك پەیکەری سوپای عیراق دابڕێژرێتەوە، کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشداربن و بەخۆیان و پێکەوە سیاسەتەکانی بەرگری و ئەمنی دابڕێژن و جێبەجێ بکەن.

بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم برگەیە نەك تەنیا بە دروستی جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو پشتگوێشخراوە، و لەمەش زیاتر هێزە چەکدارەکانی عیراق، نە پێکهاتەیان و نە دامەزراندنی سەرکردە باڵاکانیان پە پێی دەستوور ئەنجام دراون. سەرباری ئەم پشتگوێ خستنەی دەستووریش کە لادانیشە لە پرێنسیپی تەوافوق لە پێناوی ئاشتی و پێکەوەژیان، ئەم هێزانە سەرلەنوێ لە دژی گەلی کورد لە چەندین بوار و چەندین جار خراپ واتە دیسان بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوە بەکارهێنراون، وەك هێرشی سوپای عیراق بۆ سەر سەنگەر و بارەگاکانی پێشمەرگە لە ناحیەکانی قەرەتەپە و جەبارە لە سەردەمی حوکمی سەرۆك وەزیران نوری مالیکی لە ساڵی ٢٠٠٧، هەروەها هێرشی سێقولی هێزەچەکدارەکانی عیراق بە هاوکاری و هەماهەنگی دەزگای هەواڵگری و پسپۆری لەشکریی ئیرانی و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توركی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لە سەردەمی سەرۆك وەزیران حیدر عبادی بۆ سەر کەرکوك و ناوچەدابڕێندرا و کێشەلەسەرەکان و داگیرکردنیان و دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی دەیان هەزار هاوڵاتی کورد لەو ناوچانە، بەتایبەتی لە دوزخورماتو و کەرکوك . ئەمەش نەك تەنیا لادانە لە پرێنسیپی تەوافوق و لە پێویستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی عیراق و هەرێم بە شێوەی ئاشتیخوازانە و یاساییە، بەڵکو پێشێلکردنێکی ئاشکرای ئەم ماددەیەشە واتە هی دەستووری ئیتیحادی عیراقە.

**سێیەم: ماددەی (١٢)**

**لە بڕگەی یەکەم دا هاتووە:**

بە یاسا ئاڵای عیراق و دروشم و سرودی نیشتمانی رێك دەخرێن، تاکو بکرێنە گوزارشت لە هێمای پێکهاتەی گەلی عیراق . ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەشداریپێکردنی نوێنەرانی گشت لایەنە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەکان لە پرۆسەی سیاسی لە عیراقی نویێ، بەڵام تاکو ئێستا (ئابی ٢٠١٨) یاسای تایبەت بەم ماددەیە دەرنەچووە، کەواتە وەکو پێویست و بەکردەیی جێبەجێکردنی ئەم ماددە گرنگەش لە دەستووری عیراق پشتگوێ خراوە.

**چوارەم: ماددەی (٥٤) دەڵێت:**

سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو بە مەرسومێکی کۆماری دوای ١٥ ڕۆژ لە پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات دانیشتنێك ئەنجام بدەن، ئەم دانیشتنەش بە سەرۆکایەتی بەتەمنترین ئەندام بەڕێوەدەچێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنەکە و جێگرەکانی، ئەم ماوەیە نابێت درێژ بکرێتەوە .

لە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە ڕەنگدانەوەی بەرجەستەکردنی پرێنسیپی پێکهاتن (توافوق) لەدابەش کردنی پۆستە باڵاکان بەدی دەکرێت، لەبەر ڕۆشنایی پرێنسیپی پێکهاتن وەك ڕێسایەکی نەنووسراو پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران تەرخان کراوە بۆ پێکهاتەی عەرەبی سوننە، جێگرێکی بۆ عەرەبی شیعە دانراوە و جێگرێکیشی بۆ کورد. هەر لە یەکەم دانیشتنەی ئەنجومەنی نوێنەران دا دیسان و بە پێی پرێنسیپی تەوافوق، کە لە پێش یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت: سەرۆکی حکومەتی ئیتیحادی لە خاوەن گەورەترین فراکسیۆنی ئەنجومەنی نوێنەران - پێکهاتەی عەرەبی شیعە - دەستنیشان دەکرێت، و پاشانیش سەرۆکی کۆمار

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاری کراو لەو دانیشتنەی یەکەمە بە پێی مەرجەکانی ماددەی (٧٠) - لە پێکهاتەی کورد - هەڵدەبژێردرێت.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کە لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ بەڕێوەچوو بۆ ٢٧٥ کورسی ئەو ئەنجومەنە، هیچ کوتلەیەك و پارتێکی سیاسی نەیتوانی زۆرینەی دەنگی سێ بەش (١٨٤) کورسی بەدەستبهێنێت، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بریتی بوو لە (١٣٠) کورسی بۆ عەرەبە شیعەکان و (٥٨) کورسی بۆ کوردەکان و (٥٨) کورسی بۆ عەرەبە سوننەکان و ئەوانی تریش بۆ پێکهاتەکانی تری عیراق دابەش کرا. ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن تێپەربوو و حکومەت پێکنەهات بەهۆی نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەنێوان لایەنە سیاسیەکان، دواجار بە فشارە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نێوخۆییەکان گەیشتنە ڕێکەوتن و پۆستەکان لەسەر بنەمای پێکهاتن (توافق) بەم شێوەیە دابەش کران: جەلال تاڵەبانی (کورد) پۆستی سەرۆك کۆماری وەرگرت و جێگرێکی عەرەبی سوننە و جێگرێکی عەرەبی شیعەی بۆ دانرا. نوری مالیکی (شیعە) پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرت و جێگرێکی کورد و جێگرێکی سوننەی بۆ دانرا، محمود المشهدانی (سوننە) پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی وەرگرت لەگەڵ جێگرێکی شیعە و جێگرێکی کورد. و زۆربەی پۆستە باڵاکانی تری عیراقیش و ئەندامیەتی لە دەستە گشتییەکانی سەربەخۆ لەسەر بنەمای پرێنسیپی تەوافوق بوو، بەڵام لە شێوازی بەش بەشانی حزبی واتە بە شێوەیەکی خراپ، دابەش کرا . ئەم خاڵە نەرێنییە، بە تایبەتی ئەو لایەنە پەیوەستە بە دەستە گشتیە سەربەخۆ گرنگەکانی مافی مرۆڤ و دەستپاکی و هەڵبژاردن کە ئەوانەش بە ئاشکرا و بە پێشێل کردنی ڕوونی دەستوور و ناوی دەستەکان سەربەخۆ نین، بەڵکو ئەندامی حزبە سیاسییەکانن، وای کردووە کە خەڵکی عیراق خراپ لە پرێنسیپی تەوافوق و دیموکراتی تەوافوقی تێبگەن و ڕەتی بکەنەوە و دژی بوەستنەوە، چونکە بە شانۆی حزبی و نەتەوەیی و مەزهەبی دادەنێن.

**پێنجەم: ماددەی ٤٨ و ٦٥**

ماددەی (٤٨) جەخت لەسەر پرێنسیپێکی گرنگی جێبەجێکردنی فیدراڵیزم لە عیراق دەکاتەوە، کە پەیوەستە بە دوو ئەنجومەنی پەرلەمانی عیراقی ئیتیحادی، واتە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ئیتیحاد (هەرێمەکان). و ماددەی (٦٥)یش مەرجەکانی پێکهێنان و ڕێکخستنی ئەرك و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەسەڵاتەکانی دەبێت بە یاسا دەستنیشان بکرێن. هەرچەندە ماددەی ٤٨ جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتی یاسادانان پێکدەهێت لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەتی ئیتیحادی (هەرێمەکان)، بەڵام ئەم بنەما و مەرجە گرنگەی فیدراڵیەت و تەواوبوونی پەرلەمان و بە دروستی کارکردنی تا ئێستا پاش دوازدە ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی کارکردن بە دەستوور بۆ بواری جێبەجێ کردن، هێشتا هەر بوونیشی نییە. ئەمەش یەکێك لە دیارترین نیشانە و بەڵگەی فەشەلی پراکتیزەکردنی فیدراڵیەتە لە عیراق، چونکە پەرلەمان لە هەموو وڵاتانی فیدراڵی لە دوو ئەنجومەن پێکدەهێت، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان.

**شەشەم: ماددەی (١٠٥)**

ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە ئاماژە دەکات بە پێکهێنانی دەستەیەکی گشتی دەستەبەرکردنی مافی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم بۆ بەشداریکردنێکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوە ئیتیحادییەکان. ئەم ماددە گرنگەش دەبێت بە یاسا ڕێکبخرێت. بەڵام ئەم ماددە گرنگەش تا ئێستا یاساکەی دەرنەچووە واتە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و دەستەکە پێکنەهێنراوە. لەم بارەیەشەوە هەم پرێنسیپی تەوافوق و هەم دەستووری عیراق پشتگوێ خراون، و لە پرێنسیپی تەوافوق لادراوە و دەستووریش پێشێل کراوە و یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی گەلەك بوونی کێشەکان لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم و حکومەتە خۆجێییەکانی پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددە دەستوورییە گرنگەیە.

**حەفتەم: ماددەی (١٠٦)**

بە پێی ئەم ماددەیە دەبێت بە یاسا دەستەیەکی گشتی چاودێری کردنی تەرخانکردنی داهاتی ئیتیحادی لە پسپۆران و نوێنەرانی حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمەکان و پارێزگاکان پێکبهێنرێت، بۆ دڵنیابوون لە دادپەروەریی دابەشکردنی بەخشین (منح) و یارمەتی و قەرزی نێودەوڵەتی بەپێی شایستەی هەرێم و پارێزگاکان. یەکێك لە هۆکارەکانی چارەسەرنەکردنی کێشەی بودجەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوکیش نەبوونی ئەم دەستەیەیە تا وەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ، واتە جێبەجێ نەکردنی ئەم ماددەیەیە لە دەستووری ئیتیحادی عیراق. لەسەرەتاوە لایەنەکانی حکومەتی عیراقی نوێ، واتە هەر لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەپێی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) وا ڕێکەوتوون کە بودجەی هەرێمی کوردستان (لە چوارچێوەی سنووری ئێستاکەی) ١٧% بێت تا وەکو سەرژمێریەکی پاك

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دروست بە چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق دەکرێت، ئینجا ئەو کاتە بودجەی هەرێم بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی دیاردەکرێت. کەچی هەمیشە حکومەتی ئیتیحادی عیراقی ویستوویوتی ئەم ڕێژەیە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمانی ناتەواو) و لەسەر بنەڕەتی زۆرینەی ئەندامانی قەومییەتی گەورەتر (عەرەب) کەم بکاتەوە و لە ساڵی ٢٠١٨ ئەم ڕێکارە ناڕوایەیان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان، بە تایبەتی عەرەب، بە لادان لە ڕێکەوتنی لایەنەکان و لە پرێنسیپی توافق و بێ گوێدان بە زیان گەیاندن بە خەڵکی هەرێمی کوردستان و بە بنەمایەکی گرنکی سەقامگیریی هەموو عیراق، ڕێژەی بودجەی هەرێمیان لە ١٧% کەم کردەوە بۆ نزیکەی ١٣% ئەمەش لادانێکی ئاشکرایە لە یاسا و ڕێساکانی فیدرالیزم و لەقکردنی فاکتەرێکی گرنکی پێکەوەژیانە لە چوارچێوەی دەوڵەتێك، و هۆکارێکی سەرەکی نەمانی متمانەی خەڵکی هەرێمی کورستانە بە حکومەتی عیراقی و بە پێکەوەژیان و بە فیدراڵیزم.

**هەشتەم: ماددەی ١١٢**

ئەم ماددەیە دوو خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە سوود وەرگرتنی خەڵکی عیراق لە سامانی نەفت و گاز، ئەم دوو خاڵەش بریتین لە:

خاڵی یەکەم: جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حکومەتی ئیتیحادی هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەفت و گازی دەرهێنراوی ئێستاکێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا نەوت بەرهەمهێنەرەکان، بە مەرجێك داهاتەکەی بە ویژدان و بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتووان لە هەموو ناوچەکانی وڵات دابەش بکرێت.

خاڵی دووەم: ئاماژە بەمە دەکات کە حکومەتی ئیتیحادی هەڵدەستێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا نەوت بەرهەمهێنەرەکان پێکەوە بە دانانی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ پێشخستنی سامانی نەفت و گاز بە شێوەیەك بێت زۆرترین سوود بۆ گەلی عیراق دەستەبەر بکات، بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی پرێنسیپەکانی بە بازارکردن و هاندانی وەبەرهێنان. بەڵام ئەم دووخاڵە گرنگەی ئەم ماددەیە تاکو ئێستا ( ئابی ٢٠١٨) یاسای ڕێکخستنی دەرنەچووە، بۆیە کێشەی نەفت و گاز یەکێکە لە گرنگترین و ئاڵۆزترین کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراق، بووە هۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ وە تاکو ئێستا، چونکە یەکەم ئەو ڕەشنووسەی ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یاسای نەفت و گاز بە پشتبەستن بە پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) دانرا، تا ئێستا (ئابی ٢٠١٨) لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە دەرنەچووە و حکومەتی ئیتیحادیش خۆی لێ بێدەنگ کردووە، و نایەوێت پەسەندی بکات و نەیناردووەتە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بۆ دەنگدان لەسەر

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم پڕۆژە یاسایە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە پشتبەستن بە خاڵی دووەمی ئەم ماددەیە، پاش ئەوەی نەگەیشتە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی لە بارەی بەڕێوەبردنی نەفت و گاز لەو ناوچانەی تازە نەفت و گازیان لێ بەرهەمدەهێنرێن، بەتەنیا (یەکلایەنانە) کاروباری نەفت و گازی هەرێمی تا ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەڕێوەبرد.

**نۆیەم: ماددەی (١٤٠)**

ئەم ماددەیە گرنگترین ماددەی دەستووری عیراقە لەبارەی چارەسەرکردنی یاسایی و ئاشتیخوازانەی سەختترین گرفت و مەترسیدارترین کێشە سەبارەت بە لابردنی ئاسەواری سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس دژی گەلی کورد و خاکی کوردستانی باشوور. پەیوەست بە دابڕاندنی چەند ناوچەیەکی گرنگی کوردستان، پێشتر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان (١٩٧٤) و پاشان لە پەناگەی ئارام (١٩٩١) و هەرێمی کوردستان (١٩٩٢). سەرەتا ئەم چارەسەرییە ناوەندییە سازش لەسەرکراوە لە لایەن هێزە سیاسییە کوردییەکان. بە پێی پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) لەگەڵ هێزە سیاسییە عەرەبییەکانی عیراق لە ناوەرۆکی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە دا جێگیرکرا، پاشان لە دەستووریش و لە ڕاپرسییەکی مێژوویی لەسەرانسەری عیراق تێکڕای دەستوور لە لایەن چوار لەسەر پێنج ی خەڵکی عیراق پەسەندکرا. بە پێی ئەم ماددەیە گرفتی ناوچە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان (پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی دیکە) کە ناونران بە "ناوچە کێشەلەسەرەکان"، بە سێ قۆناغ چارەسەر دەکرێن، کە بریتین لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ لەم ناوچانە، سەرژمێری دانیشتووان لەو ناوچانە، ئەنجامدانی ڕاپرسی لەم ناوچانە ، تا کۆتایی ٢٠٠٧/١٢/٣١ چارەسەر دەکرێت. بەڵام ئەم ماددەیە تاکو ئێستا (ئابی ٢٠١٨) بە تەواوی جێبەجێنەکراوە و لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە بیانوویەکی نارەوا سەرلەنوێ لە لایەن هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراقی نوێ، بە پێچەوانەی جەوهەری ماددەکە بە زەبری هێز داگیرکرانەوە.

گرنگترین پێشێلکاریە دەستوریەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی ئیتیحادی عیراقی لە پشتگوێخستن و جێبەجێ نەکردنی بنەماکانی فیدراڵیەت و پرێنسیپی پێکهاتن خۆی لەم ماددانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

**یەکەم: ماددەی - ١**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەڕۆكی ئەم مادەیە شێوە و جۆر و سروشتی دەوڵەتی عیراق دیاریدەكات كە دەوڵەتێكی سەربەخۆیە و خاوەن سەروەری تەواوە، سیستەمی حوكمڕانی تیادا كۆماری نوێنەرایەتی دیموكراتی (پەرلەمانییە)، و ئەم دەستووره دەستەبەری یەكچارچەیی عیراق دەكات. بەڵام هێشتا، دوای زیاتر لە دوازدە ساڵ لە دەرچوون و پەسەندكردنی دەستووری هە (كە بە پێی بنەمای پێكهاتن لەبەرژەوەندی هەموو خەڵكی عیراقی فرە نەتەوە و فرە ئایین و مەزهەب دارێژرا و درایە ڕاپرسی) سیستەمی حوكمرانی لە عیراق شێوەی دیموكراتی و پەرلەمانی وەرنەگرتووە. لە ڕاستیدا سیستەمی حوكمرانی ئێستاكێی دەوڵەتی عیراق شێوەی تیۆكراتی مەزهەبی (شیعی) وەرگرتووە، هەرچەندە هەڵبژاردن كراون، بەڵام بەحوكمی ئەوەی پۆستە باڵاكانی حكومەت و گشت دامەزراوە ئەمنی و لەشكریی و هێزە چەكدارەكانی نیزامی و نانیزامی كەوتوونەتە دەست كاربەدەستانی عەرەبی شیعی، و لەبەرئەوەی ئەوان دەسەڵاتەكانیان لە بەرژەوەندی خۆیان و حزبەكانیان و مەزهەبەكەیان و وڵاتی دراوسێی ئیران بەكاردەهێنن، و چونكە پەرلەمان تا ئێستا یەك ئەنجومەنە و كەموكورتی هەیە و لە پرێنسیپی پێكهاتن سەبارەت بە یەكلاكردنەوەی پرسە چارەنووسسازەكانی وڵات لای داوە و پرێنسیپی زۆرینەی ڕەهای عەرەبی یان زۆرینەی سادەی شیعییان كردووەتە بنەمای بڕیاردان بۆ هەموو پرسەكانی عیراق بە هەرێمی كوردستانیشەوە. ئەمەش چونكە مەرجەعی باڵای دەسەڵات و بڕیاری یەكلاكەرەوە لە عیراق دەستوور نییە، بەڵكو مەرجەعی ئایینی مەزهەبی باڵای شیعییە، حوكمرانی تیۆكراتی مەزهەبی وەك ئەمری واقیع و بە پشتیوانی حكومەت و سوپای پاسدارانی ئیران بەسەر هەموو عیراق دا سەپاوە، بە تایبەتی پاش كاولبوونی زۆربەی زۆری ناوچە عەرەبە سوننی نشینەكان لە ئەنجامی جەنگ دژی ڕێكخراوی تێرۆریستی داعش و پاش داگیركردنی ناوچە كوردستانییە دابڕێندراوە و كێشە لەسەرەكان لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی داعش لەلایەن هێزە چەكدارە شیعییە نیزامی و نانیزامییەكانی عیراق، شێوەی دەوڵەتی عیراقیش تا ئێستا نزیكە لە دەوڵەتێكی سادە و مەركەزی نەك دەوڵەتێكی پێكهاتوو و فیدراڵی (ئیتیحادی)، بەهۆی جێبەجێ نەكردنی بنەما سەرەكییەكانی فیدراڵییەت، وەك: دەسەڵاتی یاسادانانی دوو ئەنجومەنی و و پرێنسیپی فرە هەرێمی و بەشداری كردنی گشت پێكهاتەكان لە دەسەڵات و داهاتی وڵات، كە تایبەتمەندی و مەرجی بنەڕەتی فیدراڵیزمن.

**دووەم: مادەی - ٤ - برگەكانی یەكەم و دووەم**

ناوەرۆكی ئەم مادده و بڕگەكانی هەروەك لەسەرەوە ئاماژەیان پێكراوە باس لە دوو زمانی فەرمی دەكەن لە عیراق كە بریتین: لە عەرەبی و كوردی، بەكارهێنانی ئەم دوو زمانە لەسەر ئاستی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوەکانی ئیتیحادی دەبێت، ئەم مادەیە باس لە لایەنێکی گرنگ واتە لە بەشداری پێکردنی زمانی کوردی لە ئیدارە و دامەزراوەکانی عیراق شانبەشانی زمانی عەرەبی دەکات. بەڵام لە ڕاستیدا حکومەتی عیراق لەم بارەیەوە کەمتەرخەم بووە، و زمانی کوردی نەك تەنیا لە دامەزراوە گرنگەکانی عیراق بەڵکو لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نوێنەرانیش پشتگوێخستووە و زمانی کوردی لەسەر دراوی عیراقیشدا بوونی نییە .

**سێیەم: مادەی - ٩ - برگەی یەکەم (أ - ب)**

ناوەرۆکی دوو بڕگەکانی ئەم ماددەیە باس لە هاوسەنگی نوێنەرانی پێکهاتەکانی عیراق دەکات لە دارشتنەوەی پەیکەربەندی سوپای عیراق. دەقی ئەم ماددەیە دەڵێت بەهۆی ئەزموونە خراپەکانی سوپای عیراق بەرامبەر گەلی عیراق بەتایبەت کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس سوپا لەلایەن حزبێك دژی کورد و لایەنەکانی تری عیراق بەکارهات، ئەمەش ستەم و کاردانەوە و نارەزایی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە. بۆ ڕێگری کردن لە دووبارەبوونەوەی کارەسات و ستەمی لەو شێوەیە، پرێنسیپی بەشداری کردنی گشت پێکهاتەکانی گەلی عیراق لە پێکهێنانی سوپای نوێی عیراق لەدەستور جێگیرکرا. بەڵام لەراستیدا و دوای تێپەربوونی زیاتر لە (١٢) ساڵ بەسەر دەستووری عیراق، هێشتا سەرپێچییەکانی دەستوور لەم بارەیەوە بەردەوامن، و هیچ هاوسەنگییەك لەنێوان پێکهاتەکانی بەشداربوو لە سوپای عیراق دا نییە، بەڵکو سوپا و هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عیراق بە ئاشکرا لە لایەن عەرەبە شیعەکان کۆنترۆڵ کراوە. چەند میلیشیایەکی شیعیش لەدەرەوەی دەستوری عیراق دا هەن، گرنگترینیان "حەشدی شەعبی"ە کە بە فەرمانی مەرجەعی باڵای ئایینی مەزهەبی شیعی لە نەجەف پێکهێنرا و پاشان بە یاسایەك بەناوی (دەستەی حەشدی شەعبی) بە بڕیاری ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٦ لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ بە زۆرینەی دەنگی نوێنەرانی عەرەبی شیعی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەرچوو، هەروەها لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عیراقی ژمارە ٤٤٢٩ بڵاوکرایەوە . بەگوێرەی ئەم یاسایە (حەشدی شەعبی) پێکهاتەیەکی لەشکریی جیاوازە لە سوپای عیراق و لەسەر بنەمای مەزهەبی، و بەشێوازێکی ناڕێکخراو و بێ ڕاهێنان، و لە بەرژەوەندی پێکهاتەی عەرەبی شیعەی عیراق و دەوڵەتی ئیران دامەزراوە، چونکە پەیوەندی ئاشکرای نێوان ئەم هێزە میلیشیایە و حکومەت و سوپای پاسدارانی ئیران ئاشکرا و بەرچاوە، بە تایبەتی لە هێرشی داگیرکردنی پارێزگای کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**چوارەم: مادەی - ١٢ / بڕگەی یەکەم**

ئەم ماددەیە تایبەتە بە ڕێکخستنی ئاڵا و دروشم و سرودی نیشتمانی عیراق. دەقی ئەم مادەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ئاڵا و دروشم و سرودی نیشتمانی عیراق ئاماژەپێدەری گشت پێکهاتەکانی گەلی عیراق بن. بەڵام هیچ کام لەم سێ سیمبولە نیشتمانییە هاوبەشە هێشتا ڕێکنەخراوە و ئاماژە بە پێکهاتە سەرەکییەکانی گەلی عیراق ناکات ، ئاڵای ئێستای عیراق هێشتا هەر ئاڵاکە کۆنەکەی سەردەمی ڕژێمی بەعسە، تەنیا ٣ ئەستێرەکەی لێ کەم کراوەتەوە و هیچ گوزارشتێك بۆ میلەتەکان و پێکهاتەکانی گەلی عیراق ناکات.

**پێنجەم: ماددەکانی (٤٨ و ٦٥ و ١٣٧)**

ناوەڕۆکی ئەم ماددانە باس لە پرێنسیپی بەشداریکردن و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتەی ئەندامانی دەسەڵاتە ئیتیحادییەکان و دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکەن، لە چوارچێوەی ئەنجومەنی دووەمی ئیتیحادی (المجلس الپانی البرلمانی). بەڵام تاکو ئێستا نە ناوەڕۆکی ئەم ماددانە جێبەجێ کراون و نە یاسای ڕێکخستنیان دەرچوون و دەسەڵاتی یاسادانان تا ئێستا یەك ئەنجومەنە، واتە تەنیا ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب) کاردەکات بۆ دەرکردنی یاسا. هەروەها فراکسیۆنی شیعی گەورە کۆنترۆڵی دانیشتن و بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنەی کردووە، بە حوکمی زۆرینەی (زۆرترین کورسی و ژمارەی ئەندامانی لەچاو پێکهاتەکانی تری ناو ئەنجومەن هەیە)، ئەمەش بێ گوێدانە پێکهاتن لەگەل لایەنەکانی تر بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و پارێزگا و پێکهاتەکانی تری عیراق. بێگومان ئەم سەرپێچییەی دەستوور بووەتە هۆی ئەوەی ماف و بەرژەوەندی هەرێمەکان و پارێزگاکان بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی کوتلە گەورەکەی (عەرەبی شیعە)ی ئەنجومەنی نوێنەران. ئاواش دەنگی نوێنەرانی کوتلە عەرەبە سونیەکان و کوردییەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی دیکە لە ئەنجومەنی نوێنەران (کە جێگەی پەرلەمانی گرتووەتەوە) دا کپ کراوە، لەسایەی سەپاندنی پرێنسیپی"دیکتاتۆریەتی زۆرینەی" نوێنەرە عەرەبە شیعەکان لە جێگەی پرێنسیپی (دیموکراتی تەوافوقی) لە بڕیاردانی یەکلاکردنەوەی پرسە چارەنووسسازەکان و لە دەرکردنی یاسا و دەرنەکردنیان .

**شەشەم: مادەی (٩٢)**

بوون و کارایی دادگای فیدراڵی باڵا یەکێکە لە بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەم دادگایە پشتگیری جێبەجێ کردنی دەستور دەکات و چارەسەری ئەم کێشانە دەکات کە لە نێوان حکومەتی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەندی و هەرێمەکان ڕوودەدەن، بەڵام لە عیراق کاتێك لەسەردەمی حکومەتی یەکەمی ئینتیقالی دانرا پێویست بوو لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی هەمیشەیی عیراق ئەم دادگایە هەڵبوەشێتەوە و سەرلەنوێ دابمەزرێندرێتەوە، بەڵام ئەمە نەکرا. ماددەی (٩٢) لە دەستوری عیراقی دا پێکهێنانی ئەم دادگایە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەران بە یاسایەك بە پێویست دەزانێت، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئەم ماددەیەی پەکخستووە و هیچ یاسایەکی بۆ ڕێکخستنی دەرنەکردوە. هەروەها دادگای فیدراڵی بەگوێرەی دەستور دادەنرێت و دەبێت لە دانانی دا ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکان بکرێت بە دامەزراندنی چەند فەقیهێکی یاسایی. بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران و دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن واتا حکومەتەکانی عیراق تا ئێستا جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم ماددە گرنگەیان پشتگوێ خستووە و بەمەش بە ئاشکرا دەستووریان پێشێل کردووە.

**حەوتەم: ماددەکانی (١٠٥ و ١٠٦ و ١٠٧)**

بەمەبەستی بەهێزکردنی پرێنسیپی بەشداریی ڕاستەقینەی گشت پێکهاتەکان لە حوکمرانی و دەستەبەرکردنی هاوسەنگی و مسۆگەرکردنی مافی هەرێمەکان و پارێزگا نارێکخراوەکان لە ناو هەرێمەکان، دەستوری عیراق لە ماددەکانی (١٠٥ و ١٠٦ و ١٠٧) دروستکردنی چەند دەستەیەك بە یاسا بەپێویست دەزانێت، وەك: دەستەی گشتی دەستەبەرکردنی مافەکانی هەرێمەکان و پارێزگا نا ڕێکخراوەکان لە هەرێم و پێدانی زەماڵە و هەلی خوێندن و بەشداریپێکردنی شاندەکانی هەرێمەکان لە کۆنفرانس و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها دەستەی چاودێری کردنی داهاتی حکومەتی ئیتیحادی کە دەبێت بە بەشداریکردنی نوێنەری حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمەکان و پارێزگاکان دابنرێت بۆ ئەوەی دادپەروەری لە دابەشکردنی مینحە و بودجە بەسەر هەموو هاوڵاتیانی سەرتاسەری عیراق دابین بکات. هەروەها لە ناوەرۆکی ئەم ماددانە دا هاتووە دەبێت ئەنجومەنێکی گشتی خزمەتی شارستانی لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دابنرێت بۆ ڕێکخستن و دابەشکردنی مافی دامەزراندن و خزمەتی شارستانی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی حکومی، بەڵام لێرەشەوە حکومەتی ناوەندی هیچ هەنگاوێکی کرداری نەداوە بۆ دروستکردنی ئەم دەستە گشتییانە و جێبەجێ کردنی مەرج و ئامراز و پێداویستەکانی فیدراڵییەت، بۆیە زەرەرمەندی سەرەکی ئەم پێشێلکردنەی دەستوور و لادان لە پرێنسیپی پێکهاتن بریتین لە پێکهاتەی کورد و عەرەبی سوننە و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانن .

**هەشتەم: ماددەکانی ١١٧ برگەی دووەم و مادەکانی ١١٨ و ١١٩**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مادەکانی ١١٧ و ١١٨ و ١١٩ تایبەتن بە دروستکردنی دەوڵەتێك بۆ عیراق بە سیستەمی فیدراڵی و لەسەر بنەمای توافق بۆ عیراقیەکان، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتی عیراق و خۆدزینەوەی لەجێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەم ماددانە وای کردووە کە پراکتیزەکردن و سەرکەوتنی فیدراڵیەت لە عیراق ئەستەم بێت. بۆ نموونە حکومەتی عیراق لەسەردەمی مالیکی ڕێگربوو لەدروستکردنی هەرێمێك لە ناوچە عەرەبە سوننەنشینەکانی پارێزگای سەلاحەددین، هەرچەندە لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەددین بە زۆرینەی دەنگ پێشنیاری ڕێکاری دەستووری و یاسایی، بوون بە هەرێمیان کردبوو، و پێشتریش ئەم ماددانەی دەستوور هەبوون و یاسای ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی ئەنجومەنی نوێنەران جەخت لە پرۆسە و ڕێکارەکانی دامەزراندنی هەرێمەکان دەکەنەوە .

**نۆیەم: ماددەی (١٢١: برگەی سێیەم و چوارەم)**

ناوەرۆکی ئەم ماددەیە باس لە مافە دارایی و دبلۆماسییەکانی هەرێمەکان دەکات، بەڵام تاکو ئێستا یاسای نەفت و گاز – کە دەبێت دەرهێنان و سوودوەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان پێکەوە ڕێکبخات – دەرنەچووە. لە ساڵی ٢٠١٤ وە بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕاوە هەروەها لە هیچ باڵوێزخانەیەکی عیراق ئۆفیسێك بۆ نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دانەنراوە ، هەرچەندە حکومەتی هەرێم و وەزیری دەرەوەی پێشووی عیراقیش (کە کورد بوو) تا ڕادەیەك لەم بارەیەوە بەرپرسن، چونکە کەمتەرخەم بوون.

**تەوەری سێیەم: جێبەجێکردن و خۆلادانی حکومەتەکانی عیراق لە پرێنسیپی پێکهاتن لە کردار و ڕێکارەکانیان لە پێکهێنانی کابینەکانی حکومەتەکانی عیراق لە دوای ٢٠٠٣:**

دوای ڕوخانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس و سەرۆکەکەی دیکتاتۆر سەدام حوسین و هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عیراق و سەپانی حاڵەتی داگیرکردنی لە لایەن هاوپەیمانان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی دا پەیکەری دەوڵەت و حکومەت و سەرۆکایەتی عیراق سەرلەنوێ بە سیستەمێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای فیدراڵی و بەپێی پرێنسیپی تەوافوقی گشت پێکهاتە ئێتنی و لایەنە سیاسییەکانی عیراق دابڕێژێتەوە و هەمووان لەم گۆڕانکاریە بەشداری پێبکات. ئەمریکا لە سەرەتاوە سەرپەرشتی دروستکردنی سێ حکومەتی کاتی لە قۆناغی گواستنەوە (ئینتقالی) بۆ عیراقییەکان یەك لە دوای یەك کرد، بەڵام هیچیان نەیانتوانی تاماوەیەکی درێژ بەرگەبگرێت و بەردەوام بێت، و هەریەکەیان چەند مانگێك حوکمی کرد و زوو کۆتایی هات. دواجار لە ڕێگای هەڵبژاردنێك لە

كانونی دووەمی ٢٠٠٥ چوارەمین حكومەتی كاتی بە سەرۆكایەتی ئیبراهیم جەعفەری و بە پێی پرێنسیپی پێكهاتن (توافق) دروستكرا، كە تا ڕادەیەك جێگر بوو و بەشێكی لە ئەركە گرنگەكانی كانی خۆی (جگە لە ئەركی گرنگی سەبارەت بە گرفتی ناوچە دابرێندراو و كێشەلەسەرەكان) جێبەجێ كرد.

**یەكەم: حكومەتی ئیبراهیم جەعفەری ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦:**

لە یەكەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق كە لە ٣٠ی كانونی دووەمی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، عەرەبە شیعەكان زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێنا و كوردەكان لە پلەی دووەم هاتن لە زۆرینەی دەنگ، بەهۆی بەشدارینەكردن و بایكۆت كردنی هەڵبژاردنەكە لە لایەن عەرەبە سوننەكان. لەسەر بنەمای ئەم هەڵبژاردنە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە ناوی (الجمعیە الوگنیە العراقیە) دامەزراو لە ٢٨ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥ چوارەمین حكومەتی كاتی ئینتیقالی بە سەرۆكایەتی ئیبراهیم جعفری (وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێكرا) پێك هات و لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە متمانەی پێدرا .

شێوازەی دابەشكردنی پۆستەكان بۆ جێگیربوونی دادپەروەری بە پێی دیموكراتیەتی تەوافوقی بوو لە عیراق، بەڵام عەرەبە سوننەكان متمانەیان بەم كابینەی جەعفەری نەبوو چونكە بڕوایان وابوو كە عەرەبە شیعەكان دیموكراتیەتی زۆرینە پەیڕەو دەكەن و بەشداریكردنی عەرەبی سوننە تەنها ڕەمزی دەبێت و هیچ كاریگەریەكی نابێت. بەڵام كوردەكان بەهۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری وەزارەتەكانی عیراقیان پێدرابوو زیاتر گەشبین بوون، بەڵام دواتر دیاركەوت كە نوێنەرانی هێزە سیاسییە كوردیەكان لەم بارەیەوە دووربین نەبوون، لەبەر ئەوەی ئەم گەشبینییە زۆری نەخایاند و عەرەبە شیعەكان بە كردەیی و بە پشتبەستن بە پرێنسیپی "دیموكراتی زۆرینە" كۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەوڵەتی عیراقیان كرد و نارەزایی كوردەكانیش وەك هی عەرەبی سوننە دەستیپێكرد. هەرچەندە سەرۆك كۆمار بە پێی پرێنسیپی تەوافوق كورد بوو، بەڵام چونكە دەسەڵاتەكانی بە پێی دەستوور ڕەمزی بوون، كاریگەری لایەنی كوردی بە سەرۆك كۆماریشەوە لە حوكمرانی مەركەزی كەمبوو چونكە بەگوێرەی دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی عیراق بە پێی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن پۆستی سەرۆك وەزیران گرنگترین پۆستی سیادی دەوڵەت و حكومەتی ئیتیحادی عیراقە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەكانی بە پێی دەستوور یەكلایی كەرەوەن و سەرۆك وەزیران لە هەمان كات دا فەرماندەی باڵای گشتی هێزە چەكدارەكانی دەوڵەتی عیراقیشە.

جا چونكە ئەو هاوسەنگی و شەراكەتەی پێكهاتە سەرەكییەكان كە پرێنسیپ و دیموكراتی تەوافوقی دەستەبەری كردبوون وەلانران، لە ئاكامی قۆرخكردنی دەسەڵات لە لایەن نوێنەرانی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتەی عەرەبی شیعی بە پێ دەستوور و بەڵام بە شێوازی پرێنسیپی دیموکراتی زۆرینە، کە لە ڕاستی دا لەم حاڵەتە لە کۆمەڵگەیەکی تری ئیتنی دەبێتە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بارودۆخی سیاسی عیراق هەر لەو کاتەوە ناسەقامگیرتر بوو. گشت لایەنە عیراقییەکان غەیری پێکهاتەی عەرەبی شیعە، خۆیان بە بەشخوراو دەزانی و بارودۆخی ئەمنیش یەکجار شلۆق بوو، چونکە هاوپەیمانی تێرۆریستی بەعس (قاعیدە) ئەم هەڵەیەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعەی قۆستەوە، و شەڕی تائیفی عەرەبی سونی و عەرەبی شیعی پەرەی سەند و کوشتنی هاوڵاتی سڤیل و خۆ تەقاندنەوە و تەقینەوەی ئۆتۆمبیڵ و بارهەڵگر و ماتۆر و پاسکیل پەرەی سەند. بەشی زۆری ئەم هەڵە و کەموکورتییانەش بۆ لاوازی حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەری دەگەڕایەوە، کە نەیتوانی حکومەتێکی تەوافقی بە بەشداری و هاوسەنگی گشت لایەنەکان پێك بهێنێت و بەرپێوە ببات بە ڕەچاوکردنی ماف و بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکان و بە دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی لە هەموو دەڤەرەکانی عیراق.

**دووەم: کابینەی یەکەمی حکومەتی نوری مالیکی (٢٠٠٦ - ٢٠١٠)**

نوری کامل المالكی لە ٢٠ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ وەك ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامی پۆستی سەرۆك وەزیرانی یەکەمین حکومەتی هەمیشەیی عیراقی وەرگرت، دوای چەندین کۆسپ و تێبینی لایەنە عەرەبە سونیەکان و کوردەکان .

بارودۆخی نێوخۆیی عیراق هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداریەتی مالیکی هەم لە رووی سیاسیەوە و هەم لە ڕووی ئەمنیەوە نا سەقامگیر بوو، کوشتن و فراندن و هەرەشە و تەقینەوە گەلێك زۆر بوو. نوری مالیکی لەسەرەتای دەستبەکاربوونی لەساڵی ٢٠٠٧ پلانی "جێبەجێکردنی یاسا"ی ڕاگەیاند و بۆ گەڕانەوەی ئاسایش لە عیراق چەند پرۆسەیەکی ئەمنی لە موسل و بەسرا و ناسریە و بغداد ئەنجامدا، بە مەبەستی ریشەکێش کردنی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆرستی. گرتنی سەددام حسین و جێیەجێ کردنی لەسێدارەدانی بەخێرایی یەکێك بوو لەو ئەنجامانەی کە تاکو ئەمرۆش نوری مالیکی وەك دەستکەوتێکی گەورە دایدەنێت بۆ حکومەتەکەی. پرێنسیپی پێکهاتن کە لە سەرەتای دامەزراندنەوەی عیراقی نوێ وەك چارەسەرێك دانرابوو بۆ گەڕانەوەی دادپەروەری و سەقامگیری بۆ هەموو خەڵکی عیراق، بۆ بەشدارییپێکردنی گشت لایەنەکان لە حکومەتی نوێ. مالیکی هەر لەسەرەتای حوکمڕانییەوە لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە ئەم پرێنسیپەی فەرامۆشی کرد، چونکە پاش ماوەیەکی کەم لە دەستبەکاربوونی بە پێی پرێنسیپی پێکهاتن، لەو پرێنسیپەی لادا و عیراقی بەرەو حوکمی تاکڕەوی شیعی برد. هەرچەندە نرخی بەرمیلێکی نەفت بەرزبۆوە بۆ ١١٥ دۆلار، ئەمەش ٩٥% ئیراداتی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتی عیراقی دەستەبەر دەکرد، سەرەڕای ئەمە هێشتا ڕێژەیەکی بەرزی هەژاری و بێ کاری لە عیراق هەبوو .

یەکێکی تر لەو پرسانەی نوری مالیکی بە دەستکەوتێکی گرنگی دادەنێت بریتیە لە ڕێکەوتنامەی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و عیراق سەبارەت بەکشانەوەی هێزە لەشکرییەکانی ئەمریکا لە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٨ ، هەرچەندە ئەم کارە بەو خێراییەی ڕووی دا بوو، ئەمەش بووە هۆکاری تەشەنەکردنی تیرۆری قاعیدە و زیاتر بوونی هەژموون و فشاری حکومەتی ئێران و پتر دەستێوەردانی لە کاروباری حکومەت بە تایبەتی و پرسەکانی خەڵکی عیراق بە گشتی بە پێی بەرژەوەندی ڕژێمی ئێران لە عیراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە ڕاستی دا حوکمڕانی مالیکی زۆرترین ڕەخنەی ئاراستە کرا، چونکە لەسەردەمی ئەودا عیراق هیچ پێشوەچونێکی لە ڕووی گەشەی ئابوری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکان و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و سەقامگیری سیاسی بەخۆیەوە نەبینی، هەموو ئەمانەش بەهۆی تاکڕەوی کردنی لە حوکمڕانی و سەپاندنی ڕاو فەرمانی زۆرینە و مەرجەعیەتی عەرەبی شیعە بەسەر عیراق، و دژایەتی کردنی عەرەبە سوننەکان و کردنی کوردەکان.

## سێیەم: کابینەی دووەمی حکومەتی نوری مالیکی (٢٠١٠ – ٢٠١٤)

کابینەی دووەمی حکومەتی نوری مالیکی لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠ دەستی بەکارەکانی کرد، وەك تەواوکەری کاروبارەکانی کابینەکەی یەکەمی. مالیکی تاکو ئەمرۆش زۆربەی دەستکەوتەکانی عیراق بە هی سەردەمی حکومەتەکانی خۆی دەزانێت، لەوانە لە سێدارەدانی سەرۆکی پێشووی عیراق سەددام حسین و کشانەوەی هێزی ئەمەریکا لە عیراق لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١. مالیکی بۆ تۆکمەکردنی کورسی دەسەڵات و هەیمەنەی حوکمڕانی خۆی هەوڵی دروستکردنی هاوبەشی (شراكە)یەکی ڕاستەقینەی نەدا، بۆیە بەرنامەی کاری خۆی بە ئاراستەی شێوازی حوکمی مەرکەزی دەوڵەتێکی سادە دارشت، لە جیاتی شێوازی حوکمی نامەرکەزی سیاسی دەوڵەتێکی دیموکراتی ئیتیحادی (لە قۆناغی گواستنەوە). خاسیەتەکانی سەرۆکایەتی نوری مالیکی دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش، لەسەر ئاستی پەیوەندییکانی دەرەوەدا: عیراق کشانەوەیەکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە بینی لە پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی هەرێمی دا. بۆ نموونە پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ سعودیە گەیشتە خاڵی سفری و هێندەی نەما بگاتە پچڕان، بە پێچەوانەوەی سعودیە عیراق

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیران گەیشتە لوتکە، کە ئەمەش ببوە مایەی نیگەرانی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانان و وولاتە عەرەبییەکانی کەنداو .

هەروەها ئەمەریکا چەندین جار هۆشداری دایە مالیکی رێگری بکات لە دەستوەردانی ئیران لە کاروباری عیراق، بەڵام مالیکی بە پێچەوانەوە زیاتر مامەڵە و سیاسەتی نزیکبونەوەی لەگەڵ ئیران کرد. حکومەتی نوری مالیکی لەسەر ئاستی نێوخۆی دا نازناو و ناوبانگێکی ناشیرینی وەرگرت بەهۆی گەندەڵی دارایی و نەبونی شەفافیەت و نەزاهەت و نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و سامانە سروشتییەکانی عیراق بەسەر گەلی عیراق، نەبونی هاوسەنگی لە دابەشکردنی بودجەی گشتی ووڵات بە یەکسانی بەسەر پارێزگاکانی عیراق. لەساڵی ٢٠١٢ لە ڕاپۆرتێکی رێکخراوی شەفافیەتی جیهانی دا، عیراق بە پلەی سێیەم هات لەدوای سۆماڵ و سودان لەسەر ئاستی جیهانی سەبارەت بە گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت. سەقامگیری سیاسی لە عیراق لەژێر مەترسی جەنگی تائیفی و مەزهەبی بوو، بەهۆی پشتگوێخستنی پرێنسیپی پێکهاتن لە نێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکانی عیراق (عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کورد). سەرەتای شکاندنی تەوافق لەلایەن نوری مالیکی لەگەڵ کوردان لە کابینەی دووەمی دا بریتی بوو لە دروستکردنی فەرماندەی دیجلە و داگیرکردنی کەرکوك بەو دەسەڵاتەی کە نوری مالیکی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عیراق بوو . هەرچەندە لە سەرەتادا بڕیاربوو پارێزگای کەرکوك وەك ناوچەیەکی تایبەت و کێشەلەسەر بە حوکمێکی تەوافوقی لە لایەن هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی ئەو پارێزگایە (کورد و عەرەب و تورکمان) بەڕێوەبچێت و هێزی پێشمەرگە هاوشانی پۆلیسی ئیتیحادی و ئاسایشی کوردان کەرکوك بپارێزێت، و پۆستەکانی پارێزگای کەرکوك بە پێی پرێنسیپی پێکهاتن دابەشکرابوون، کەچی مالیکی بە لادانی لە پرێنسیپی پێکهاتن و پشتگوێخستنی پرۆسەی جێبەجێکردنی فیدرالیزم بەم شێوەیەی سەرەوە دژایەتی کوردی لە ساڵی ٢٠١٢ دەستپێکرد.

ڕەگەزێکی تری پێکهێنەری سیستەمی پێکهاتن (توافق) لە عیراق عەرەبە سوننەکان بوون، بەڵام نوری مالیکی بە پەراوێزخستنی عەرەبە سوننەکانیش حوکمی زۆرینەی عەرەبی شیعە و شێوازی حوکمرانی ئۆتۆکراتی خۆی بەسەر هەموو عیراق دا سەپاند. لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ داواکاری و نیگەرانی عەرەبە سوننەکان پەرەی سەند و نارەزایی پارێزگا عەرەبە سوننییە جێنشینەکانی عیراق بوە هۆکاری خۆپیشاندانی بەرفراوان، داواکاری عەرەبەسوننەکان بریتی بوو لە: یەکسانی لە دابەشکردنی پۆست و پەرپرسیاریەتییەکانی دەوڵەتی عیراق لەسەر ئاستی حکومەت و بەڕێوبردنی پارێزگاکان و نەهێشتنی نادادپەروەری لە دابەشکردنی سامانە سروشتییەکانی عیراق بەتایبەتی نەفت، هەروەها

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاککردنی خزمەتگوزاری و زیادکردنی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگا عەرەبە سوننەکانی عیراق، بەتایبەت لە موسل و تکریت و ئەنبار، هەروەها داوای ئازادکردنی عەرەبە سوننە بەندکراوەکان کرا، چونکە زۆربەی بەندکراوە عەرەبە سوننەکان بە تۆمەتی هاوکاریکردنی ڕژێمی سەددام حسین و تیرۆری پاش ڕوخانی ڕژێمەکە سەددام تۆمەتبار کرابوون . نوری مالیکی لەجیاتی ئەوەی داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات و ئارامی بگەڕێنێتەوە ئەو دەڤەرانەی عیراق، فەرمانی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و چەکی بەرامبەر بە خۆپیشاندەرانی ناڕازی دەرکرد، و بەم هۆیەوە لە قەزای حەویجە مامۆستایەکی زانکۆ و چەندین هاوڵاتی ناڕازی کوژران، هەروەها ژمارەیەك گیراوی بەندیخانەی ئەبوغرێب هەڵاتن و گەیشتنە سوریا و چونە ناو داعش. سەرباری ئەم هەموو ناڕێکی و نالەباریی حوکمرانییەکەی مالیکی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ پارێزگای موسل لەئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی سوپا و پۆلیسی عیراقی و لەو پارێزگایە گەورە و گرینگە بەرامبەر هێرشی داعش تەواوی پارێزگاکە و دەوروبەری لە کۆنترۆڵی حکومەتی عیراق دەرچوو و کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) .

بەشێوەیەکی گشتی و پاڵپشت بەم زانیاریانە لە ماوەی سەرۆکایەتی حکومەتی نوری مالیکی لە نێوان (٢٠٠٦ - ٢٠١٤) عیراق هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە نەبینی، سەرەڕای ئەم سەرچاوە داراییە زۆرەی کە لە داهاتی نەفت دەستی دەکەوت. کەچی لە کاتی ڕادەستکردنی کابینە بۆ حکومەتی داهاتووی پاش خۆی تەنیا ٧٠٠ ملیۆن دۆلار لە خەزێنەی عیراق دا هەبوو. شەری تائیفی و مەزهەبی (سوننی – شیعیش) لە پارێزگا عەرەبییەکانی عیراق لەوپەڕی دژواری دابوو. دژایەتی کردنی کورد و هێرشکردنی لەشکری بۆ سەر هەندێك لە ناوچە دابڕێندراو و کێشەلەسەرەکان، و سەرکوتکردنی نارەزاییە ئاشتیخوازەکانی ژێر خیوەتەکانان عەرەبی سوننە، بە تایبەتمەندییەکانی ئەو حوکمرانییە دادەنرێن.

هەروەها لە سەر ئاستی دەرەوە: مالیکی لە سەردەمی حوکمرانی خۆی دا دەرگای عیراقی بە تەواوی لەبەردەم ئێران والاکرد، و ئیران دەستوەردانێکی ئاشکرای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش (لە ڕێگەی مەرجەعە شیعییەکانەوە) لە عیراق کرد و هەژموونی ئیران لە دەوڵەتی عیراق یەکجار زیادی کرد و بارودۆخی سیاسی و ئەمنی عیراقی ئاڵۆزتر کرد، بە تایبەتی پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق، عیراق سەربەخۆیی و سەروەری خۆی تا ڕادەیەکی بەرچاو لە دەست دا .

**چوارەم: کابینەی حکومەتی ئیتیحادی لەسەردەمی حەیدەر عەبادی (٢٠١٤ - ٢٠١٨)**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێنج مانگ دوای دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی نیسانی ٢٠١٤، کە هاوپەیمانیەتی دەوڵەتی یاسا (شیعی) بە بەدەستهێنانی ٩٢ کورسی براوەی یەکەم بوو تێیدا ، حەیدەر عەبادی لە ٨ی ئەیلولی ٢٠١٤ حکومەتێکی هاوبەندیی (ائتلافی) لە سەر بنەمای پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) بە پێی ڕێکەوتنێکی سیاسی لەگەل فراکسیۆنەکانی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران . بەڵام ئەو حکومەتەی عەبادی کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراوی حکومەتەکەی مالیکی بۆ بەجێ مابوو. هەرچەندە عەبادیش لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن دا چەندین بەڵێنی بە کورد و عەرەبە سوننەکان دا، بەڵام چەند مانگێك لە دەستبەکاربوونی وەك سەرۆك وەزیران پرێنسیپی پێکهاتن (توافق)ی بنەمای دامەزراندنەوەی عیراقێکی دادپەروەری وەلانا. ئەم وەلانانەش چەند لایەنێك بوو، سەبارەت بە کوردان، عەبادی وەك درێژەپێدەری سیاسەتەکانی مالیکی دەرکەوت و هیچ هەنگاوێکی بۆ گەڕاندنەوەی بودجەی بڕاوی هەرێمی کوردستان نەنا، لەژێر ناوی بەرنامەی چاکسازی دا پۆستەکانی جێگری سەرۆك وەزیرانی لادا و هەردووك جێگرە کورد و عەرەبە سوننەکەی لادا، پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عیراق کە بە پێی پرێنسیپی تەوافوق بەشی کورد بوو، ئەمیشی لەکورد سەندەوە، و دوای خانەنشین کردنی (بابکر زێباری) سەرۆکی ئەرکانی سوپای عیراق، کە بە پێی پرێنسیپی پێکهاتن پۆستەکە پشکی کوردە، عەبادی پۆستەکەی بەخشی بە ئەفسەرێکی عەرەبی شیعی، هەروەها تەواوکردنی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عیراق کە چارەسەرییەکی دەستووری و ئاشتیخوازانەی گرنگترین پرسی هەرێمی کوردستانە لەگەل حکومەتی ئیتیحادی عیراق و ڕێگەی لابردنی شوێنەواری گەورەترین ستەمە لە گەلی کورد و خاکی کوردستان. هەروەها بە پێ ی پرێنسیپی توافق وا بڕیاڕ بوو ناوچە دابڕێندراوەکان و "کێشەلەسەرەکان"، وەك پاشماوەی پارێزگای کەرکوك و قەزاکانی شنگال و خانەقین و مەخمور ... هتد، بە لە هەردوو بواری ئەمنی و ئیداری بە هاوبەشی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی (ناوەندی) عیراقی بەڕێوەبچێت، بەڵام بە بیانوویەکی بێ بنەما و بە پێی پلانێکی سێقۆلی هەرێمی نادەستووری و ستەمکارانە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق بە فەرمانی حەیدەر عەبادی و بە هاوکاری گەورە بەرپرسانی سوپای پاسدارانی ئیرانی و میتی تورکی و لە بەرچاوی هاوپەیمانانی شەری داعش لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا پاشماوەی پارێزگای کەرکوك و گشت ناوچە (دابڕێندراو) کێشەلەسەرەکانیان داگیرکرد ، پارێزگارە کوردەکەی کەرکوك لادرا و پارێزگارێکی عەرەب (بە وەکالەت) لە شوێنی دانرا، کە ئەمەش شکاندنێکی دیکەی پرێنسیپی توافق و پێشێلییەکی ئاشکرای دەستوور و شایستەی هەڵبژاردنە و شێوەیەکی دیکەی توندوتیژ و ستەمکارانەی سیاسەتی تەعریبە، کە ڕژێمی بەعسی پێشووتر دەستی پێکردبوو.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشێل کردنی پرێنسیپەکانی تەوافوق لە لایەن حکومەتەکەی عەبادی بەرامبەر بە عەرەبە سوننەکانیش گەلێك زۆر بوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی یەك هەڵوێستی و پەرتەوازەبوونی نوێنەرانی عەرەبە سوننەکان حکومەتی عەبادی توانی هەندێك لەسەرکردە عەرەبە سوننیەکانی عیراق بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و دەنگیان کپ بکات. سەرەڕای لادانی پارێزگارەکانی موسل و تکریت، کە عەرەبی سوننە بوون، تاکو ئێستا بەکردەیی چەند ئەفسەرێکی عەرەبی شیعی پۆستە گرینگە ئیدارییەکانی ناوچە عەرەبەسوننی نشینەکان بەڕێوەدەبەن و هێزی سوپای عیراق و "حەشدی شەعبی" شیعی ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی ئەم ناوچە عەرەبە سوننیانەیان گرتۆتە ئەستۆتە، هەرچەندە دەبووا ئەم هێزە لەناو خودی عەرەبە سوننەکان بوایە. هەروەها تاوانبارکردنی نوێنەرانی عەرەبە سوننەکان و زیندانیکردنیان بەردەوام بوو، لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠١٥ حوکمی زیندانی کردنی ٧ ساڵ بۆ (رافع العيساوی) وەزیری دارایی حکومەتی مالیکی لەسەر پشکی سوونە دەرچوو لەسەر تاوانی گەندەڵی ، لەکاتێکدا چەندین وەزارەتی سیادی لە دەستی شیعەکان بوون و گەندەڵی بە ئاشکرا دەرکەوتبوو بەڵام هیچ ڕێکاریەکان بەرامبەر نەکرا، هەرچەندە لە پاش گرتنەوەی موسل نەفتێکی زۆری موسڵ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە دەفرۆشرێت، کەچی خزمەتگوزاریەکان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی موسڵ هێشتا هەنگاوی هەستپێکراوی جیددی بەخۆیەوە نەبینیوە.

### باسی چوارەم: ڕۆڵی دەسەڵاتە گشتیەکانی عیراق لە زەمینەسازی بۆ توافق

#### یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان: ئەنجومەنی نوێنەران (المجلس النواب)

سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی عیراق تا ئێستا (پاش زیاتر لە ١٥ ساڵ بەسەر پەسەندکردنی دەستوور) بریتییە لە یەك ژوور ئەویش ئەنجومەنی نوێنەرانە، بەڵام ئەم ئەنجومەنە تاکو ئێستا بەردەوامە لە دەرکردنی یاسا و بریارە یەکلاکەرەوەکانی عیراق وەك "دەوڵەتێکی فیدراڵی" بە تەنیا، چونکە تا ئێستا نە هیچ هەرێمێکی دیکەی فیدراڵی لە عیراق دروستکراوە و نە ئەنجومەنی ئیتیحادی (نیوەی دووەمی پەرلەمان) پێکهێنراوەن، ئەمەش نەك تەنیا پێشێلکردنی دەستووری ئیتیحادی عیراقە، بەڵکو بەڵگەیەکی دیاری جێبەجێ نەکردنی فیدراڵیەتە و کردارێکی تەواو دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکانە لە هەرێم. ڕێکەوتنە سیاسییەکانی لە نێوان کوتلە پەرلەمانییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەکرێت، پەیوەندیەکی بەهێزیان بە ئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەیە چونکە سیستەمی سیاسی لە عیراق بە پێی دەستوور سیستەمێکی پەرلەمانییە و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجومەنی نوێنەران مافی لێپرسینەوەی لە سەرۆك كۆمار و ئەنجومەنی وەزیران هەیە. سەرکردایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەر لە سەرەتاوە بەشێوازی تەوافوق لەنێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عیراق دابەشکراوە، پۆستەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ عەرەبی سوننە و جێگرێك بۆ کوردەکان و جێگرێك بۆ عەرەبە شیعەکان تەرخان کراون. بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەهۆی زۆرینەی کورسی شیعەکان، زۆربەی بڕیار و یاساکان بەخێرایی و لە بەرژەوەندی پێکهاتی شیعە و بە پێی ئەجیندای خۆیان و ئیران تێدەپەڕێنێت بۆ بە هێزکردنی مەرکەزیەتی حوکمی عیراق لەسەر حیسابی نامەرکەزیەتی سیاسی هەرێمی کوردستان و نامەرکەزیەتی ئیداری پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێم، هەرچەندە زۆربەی جار لایەنە کوردی و عەرەبە سوننەکان تێبینی و ناڕەزاییان هەیە، چونکە دژی ماف و بەرژەوەندی ئەوان ئەم یاسا و بڕیارانە دەردەچن. بۆ نمونە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەڕای ئەوەی هێزێکی فەرمی و نیزامییە، بەڵام هاوشێوەی "حەشدی شەعبی" مووچە و پشتیوانی دارایی لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بۆ دابین نەکراوە. نمونەیەکی دیکەی پێشێل کردنی مافی کوردان، لەژێر ناوی پاراستنی یەکێتی عیراق چەندین بریار و یاسای ستەمکارانە و نادەستووری و نادیموکراتییانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ دژی گەلی کورد و نامەرکەزیەتی سیاسی و مافە ڕەواکانی هەرێمی کوردستان بە تێکرای دەنگی ئەندامە عەرەبەکان بێ ڕەچاوکردنی دەنگی ئەندامانی کورد و ستەمی ڕژێمی بەعسی پێشوو دەرکران. دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ١٢ بڕیاری دژی دەستوریەتی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەرچواند بە بیانوی"مەترسی ڕیفراندۆم لەسەر یەکپارچەیی عیراق" . جگە لەمانە زۆربەی لێژنە گرنگ و هەستیارەکان بەتایبەت لێژنە ئەمنی و بەرگری و داراییەکان لەلایەن عەرەبە شیعەکانەوە کۆنترۆڵ کراون، کەچی لێژنە لاوەکی و خزمەتگوزارییەکان بە نوێنەرانی عەرەبی سوننە و کوردەکان پرکراونەتەوە. هەرچەندە جیاکارییەکان سەبارەت بە عەرەبە سوننەکان تاڕادەیەك کەمترن، بەهۆی ئەوەی ئەوانیش عەرەبن و لە زۆر بریاری دژی کورد و هەرێمی کوردستان لەگەل عەرەبە شیعەکان ڕادەوەستن، بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی پەیوەست بوون بە چارەنووسی ناوچە کوردستانیە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەوانەی پەیوەست بوون بە دژایەتی پرۆسەی ڕیفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، چونکە سەرۆکایەتی دانیشتنەکان لەلایەن سەرۆکە عەرەبە سوننەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەڕێوەدەچوون، لەگەل ئەمەش بە بیانوی گەندەڵی لێپرسینەوە لەگەل وەزیری دارایی پێشوو (رافع العيساوي) کرا و فەرمانی دەستگیرکردن و زیندانی بۆ دەرچوو ، جارێکی تریش بەڕێوبەری بانکی ناوەندی (مەرکەزی) عیراق لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەرەبی سوننە سەندرایەوە، هەرچەندە بە پێی پرینسیپی تەوافوق پشکی پێکهاتەی عەرەبی سوننەن. جگە لەمانەش چەندین جار ئەنجومەنی نوێنەران بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی هەڵنەستاوە و بۆتە بەرەیەك بۆ بەرگری لە داواکاری عەرەبە شیعەکان.

**دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێ کردن: حکومەتی فیدراڵی عیراق (الحكومه الاتحاديه العراقيه)**

لەسەرەتای قۆناغی گواستنەوە تاکو دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەی عیراق بنەما و مەرجی پێکهێنانی گشت حکومەتەکان بریتی بوو لە پرێنسیپی توافق، بە بەشداری کردنی گشت پێکهاتە ئیتنی و لایەنە سیاسییەکانی عیراق لە حوکمرانی و حکومەتی عیراقدا. بەڵام حکومەتەکانی عیراق نەیانتوانی پابەند بن بە بنەمای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق سەرلەنوێ و ببنە جێبەجێکاری ڕاستەقینەی بەندەکانی دەستور و ئەو ڕێکەوتنانەی دەوڵەت لەسەری دامەزراوە و حکومەتەکانی پێ پێکنهێنران. حکومەتەکانی عیراقی نوێ لە ئاکامی لادان لە پرێنسیپی پێکهاتن (توافق) سیستەمی حوکمرانی دیموکراتی و سیستەمی دەوڵەتی فیدراڵی و شێوازی هاوبەشی ڕاستەقینەیان جێبەجێ نەکرد، هەرچەندە ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ژمارە ٢٣٦٧ لە ١٤ی تەموزی ٢٠١٧ تایبەت بە عیراق باس لە جێبەجێکردنی پرێنسیپی پێکهاتن دەکات چونکە جێبەجێکردنی ئەم پرێنسیپە دەبێتە هاریکارێکی باش بۆ دروستبوونەوەی هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان و بۆ پێکەوە ژیانی گشت پێکهاتەکان و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیریی. هەروەها لە دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ جەخت لەسەر بەشداری کردنی گشت لایەنەکان کراوە، چونکە ئەمە گەرەنتی یەکچارچە مانەوەی دەوڵەتی عیراق دەکات.

**سێیەم: دادگای باڵای ئیتیحادی:**

یەکێك لە بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی هەبوونی دادگای باڵای فیدراڵیيە (ئیتیحادی)، چونکە ئەم دادگایە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە وڵاتانی فیدراڵی. دادگای ئیتیحادی باڵا کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی هەیە کە بەرچاوترینیان بریتین لە چاودێریکردنی جێبەجێ کردنی دەستوور، شرۆڤەکردنی دەقی ماددەکانی دەستوور، یەکلایی کردنەوەی کێشە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتە خۆجییەکانی پارێزگاکان و لێپرسینەوە لە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەرکێکی گرنگی دیکەشی پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانە .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستووری عیراق (٢٠٠٥)، جەخت لە سەر هەبوون و کارایی دادگای ئیتیحادی باڵا دەکات. لەبەشی سێیەمی دەستوور (بابی سێیەم) و لەبەشی دەسەڵاتەکانی دادوەریی ئیتیحادیی و لە لقی دووەم دا ئاماژە بە (دادگای ئیتیحادیی باڵا) کراوە. لە مادەی (٨٩) دا هاتووە: "دەسەڵاتی دادوەری ئیتیحادیی پێکدێت لە (ئەنجومەنی دادوەری باڵا و دادگای ئیتیحادی باڵا و دادگای تەمیزی ئیتیحادیی و دەزگای داواکاری گشتی و دەستەکانی سەرپەرشتی دادوەری و دادگاکانی تری ئیتیحادی کە بەپێی یاسا رێکدەخرێن"، بەگوێرەی ئەم ماددەیە دادگای ئیتیحادی بەشێکە لە دەسەڵاتی دادوەری ئیتیحادی . هەردوو ماددەکانی (٩٢ و ٩٣) پێکهاتە و دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی ئەم دادگایە بەم شێوەیە دیاردەکەن، لە لە برگەی یەکەمی مادەی ٩٢ دا هاتوە: دادگای ئیتیحادی باڵا دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لە لایەنی دارایی و ئیداریەوە. لە برگەی دووەمدا هاتوە: دادگای ئیتیحادی باڵا پێکدێت لە ژمارەیەك دادوەر و شارەزا لە فیقهی ئیسلامی و چەند فەقیهێکی یاسایی، ژمارەکەیان و رێگاکانی دیاریکردنیان و یاساکانی ئەم دادگایە بە دوو لەسەر سێی (٣/٢) دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پەسند دەکرێت. کەچی تا ئێستا، پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٢ ساڵ بە سەر پەسەندکردنی دەستوور، هێشتا یاسای رێکخستنی بەرزترین دەسەڵات و باڵاترین مەرجەعی دادوەری عیراق لە ئەنجومەنی نوێنەران دەرنەچووە، بۆیە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان هیچ متمانەیان بە سەربەخۆیی ئەم دەزگایە گرنگە نییە و دڵنیا نین لە پشتبەستن پێی. بۆیە سەبارەت بە پرسی یەکلاکردنەوەی کێشەی توند و لە دۆخی دژوار وکاتی تەنگانەش پەنا نابەنە بەر ئەم دادگا باڵایە یەکلاکەرەوەیە، لە کاتی کێشەی گەورەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانیش، کە حکومەتی عەبادی بە هاندانی ئیران و تورکیا گەورە و ئاڵۆز و ترسناکی کرد، هەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و هەم دادگای ئیتیحادی باڵای عیراقی، بە شێوەیەکی گشتی نەیانتوانی بێ لایەنی خۆیان لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەم پرسە بە شێوەیەکی دەستووری و دادپەروەرانە بسەلمێنن، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی عەرەب چەندین سزای بە کۆمەڵ و ناڕەوایان بۆ چەندین مانگ بە سەر خەلك و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دا سەپاند، هەمان هەڵوێستی دژە کوردانەی "ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقی" و سوپای پێشانی عیراقییان نواند و پراکتیزەکرد.

ئەرکێکی گرنگی دادگای ئیتیحادی باڵا بریتیە لە چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی مادەکانی دەستوور. بەڵام لە چەند لایەنێکەوە حکومەتی عیراق پرێنسیپی پێکهاتن و ناوەرۆکی دەستووری بەرامبەر هەرێمی کوردستان پشتگوێ خستوە، کەچی ئەم دادگایە هیچ هەڵوێستێکی دیار و کاریگەری لەم بارەیەوە نەبووە! سەرەڕای هەبونی ماددەی ١٤٠ دەستوری عیراقی سەبارەت بە ئایندەی ناوچە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابڕێندراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دانانی ماوەی دوو ساڵ لە دەستوور بۆ جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی مادەی ١٤٠، کەچی ئەنجومەنی نوێنەران نەك تەنیا پشتگوێی خست، بەڵکو تەگەرەی زۆریشی خستە بەردەم جێبەجێکردنی، حکومەتی عیراق ئەرکی جێبەجێ کردنی بە جێ نەگەیاند، لەگەڵ ئەمەش دادگای ئیتیحادی باڵا هیچ هەڵوێستێکی سەبارەت بەم کەمتەرخەمییەی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەرك جێبەجێنەکردنەی حکومەتی ئیتیحادی نەبوو، هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەم بارەیەوە کەمتەرخەم بوو و هیچ سکاڵایەکی لەبارەی ئەم پێشێل کردنەی دەستوور لەم بارەیەوە ئاراستەی دادگای باڵا نەکرد ، بە پاساوی بێ متمانەیی، ئەمەش هەڵەیەکی گەورە و پشتگوێخستنی ئەرك بوو لە لایەن کوردان.

هەروەها دادگای ئیتیحادی باڵا ڕەخنەی توندی لە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك گرت کاتێك بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لە پاڵ ئاڵای عیراقی دا لە ٢٨ی ئازاری ٢٠١٧ ، هەرچەندە بەپێی دەستووری عیراق و بە پێی بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتیش دەبێت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان هەم بواری ئەمنی و هەم بواری ئیداری بە هاوبەشی هەردوو لایەنی کێشەدار واتە پێکەوە بەڕێوە ببردرێن، پێویستە ئاڵای فەرمی هەردوو لایەنیشی لێ هەڵبدرێن . هەرچەندە دادگای ئیتیحادی باڵا بە فەرمانێکی وەزاری ٢٠٠٥ لە بەشی دووەم سەبارەت بە ناکۆکیە دەستوریەکان ڕەوایی هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی کوردستانیشی لە کەرکوك دەرکردبوو . لەگەڵ ئەمەش تا ئێستا نە حکومەتی عیراق ئەم بڕیارەی دادگای باڵا (کە قەتعی و مولزەمە) جێبەجێ ناکات و نە میلیشیای "حەشدی شەعبی" ڕێگەی جێبەجێکردنی دەدات. هەروەها کە هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ ڕاپرسیەکی سەبارەت بە پرسی یەکلانەکردنەوەی چارەسەری دەستووری گرفتی ناوچە دابڕێندراو و کێشەلەسەرەکان و پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، لە ئاکامی گەیشتنی پرۆسەی سیاسی عیراق لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عیراق بە دووریان، لە ئەنجامی پراکتیزە نەکردنی دیموکراتییەت لەبارەی سیستەمی حوکمرانی لە هەموو عیراق و جێبەجێنەکردنی فیدراڵیەت لە ناوچەکانی دیکەی عیراق جگە لە هەرێمی کوردستان، و لە ئاکامی زۆربوون و کەلەکە بوونی گرفت و کێشە لە نێوان هەردوو لایەن تەنیا بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵکی کوردستان لەسەر مانەوە یان جیابوونەوە لە عیراق، کاتێك ئەنجامەکە بە زۆرینەی بەڵی دەرکەوت، دادگای ئیتیحادی باڵا لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ بە بڕیارێك ئەنجامی ئەم ڕاپرسیەی هەڵوەشاندەوە و ڕایگەیاند کە ئەم ڕاپرسییە هیچ کاریگەرییەکی نابێت .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجامی توێژینەوە

- دەوڵەتی عیراق لەدوای قۆناغی ئازادبوون لە ڕژێمی دیکتاتۆر سەدام حوسین گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، لە ڕووی سیاسی یەوە فرەیی پارتە سیاسیەکان پەیدابوو هەروەها شیعەکان و کوردەکان هاتنە ناو کایەی سیاسیەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دروست بوو هەروەها بەشداری تاکەکان لە سیاسەت و دەربڕینی ڕای ئازاد گەشەی کرد و کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامەی کەرتی تایبەت دەرچوو. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان گەشەی سەند. لە ڕووی ئابوریەوە عیراق لە سیستەمێکی ئابوری بەعسی ئیشتراکیەوە گۆڕا بۆ سیستەمێکی سەرمایەداری و ئابوری ئازاد، ئاستی داهاتی تاکەکان بەرز بۆوە و تاکەکان زانیاری تەواویان لەسەر بودجە و داهات و فرۆشتنی نەوتی دەوڵەتەکەیان وەرگرت.
- گەلی کورد و هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ و تایبەت بە کوردان لە باکوری عیراق لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بە فەرمی دانپێدانرا لە یاسایی ئیدارەی کاتی و مادە و برگەکانی یاسای دەستوری هەمیشەیی عیراق. زمانی کوردی و ئاڵای کوردستان و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان وەك ڕەمزێکی هەرێم لە دەستور جێگیر کرا، چیتر نکۆڵی لە بوونی کورد لە عیراق نەکرا، کوردەکان هاوشێوەی عەرەبە شیعە و سونەکان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی عیراق و بەشدار لە پرۆسەی نوێ ی سیاسی عیراق ناوزەند کران.
- سیستەمی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی عیراق لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ عیراق دامەزرێنرا، ئەم سیستەمە نمونەیەکی کۆپیکراوی سیستەمی وولاتانی فرە نەتەوە و ئیتن و کلتوری جیاواز بوو و دەگونجا لەگەڵ واقیعی عیراق بەهۆی هەبوونی پێکهاتەی جیاواز و زمان و ئیتن و کلتوری جیاواز، بەڵام عیراق بەهۆی کەمی ئەزموونی حوکمڕانی لە سیستەمە دیموکراتی و فیدراڵیەکان نەیتوانی بە شێوازێکی ڕێك و پێك ئەم سیستەمە فیدڕاڵیە وەك ئەزمونێکی سەرکەوتوو دووبارە بکاتەوە، بەڵکو بە کۆمەڵێك کەموکوڕی ئەم سیستەمەی جێبەجێ کرد. یەکێك لەم کەموکوڕیانە لە ئەنجامی هەبوونی یەك هەرێم دروست بوو، لەکاتێکدا دەوڵەتانی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فیدراڵی چەندین هەرێم لەخۆ دەگرن و ئەم هەرێمانە وەك یەكەی سیاسی كاران لە ناو دەوڵەتی فیدراڵی، لەلایەكی ترەوە عیراق جۆری فیدراڵی دیاری نەكردبوو ئایا ئەم فیدراڵیە جوگرافیە یاخود نەتەوەییە، زیاتر لامەركەزی ئیداری جێ بەجێ دەكرد. هەروەها عیراق لە رووی دامەزراوەی فیدراڵی كەموكوڕی هەبوو، عیراق لەناو دەسەڵاتی یاسادانان تەنها یەك ئەنجومەنی یاسادانانی هەبوو ئەویش ئەنجومەنی نوێنەرانە واتا وەك وولاتانی فیدراڵی پەرلەمانێكی دوو ئەنجومەنی نەبوو، لە ئەنجامی نەبوونی ئەنجومەنی باڵا (هەرێمەكان) بوە هۆی ئەوەی هەرێمی كوردستان نەتوانێت مافی تانەگرتن و تێبینی هەبێت لەهەر یاسایەك و پرۆژەیەكی حكومەتی ئیتیحادی. هەروەها دادگایەكی باڵای ئیتیحادی كارا نەبوو، بەڵكو دادگایەكی لاوازی سەردەمی حكومەتی كاتی عیراق بەردەوام بوو لە كارەكانی، بەمەش پرۆسەی كاری دادگای باڵای توشی سستی كردبوو.

- پرێنسیپی پێكهاتن (توافق) لە چوارچێوەی سیستەمێكی دیموكراتی بۆ عیراق دامەزرێنرا بۆ بەشدارییپێكردنی ڕاستەقینەی گشت پێكاتەكانی عیراق بەمەبەستی دروستكردنی هاوسەنگی و سەقامگیری، بیرۆكەی جێبەجێكردنی ئەم پرێنسیپە بۆ عیراق دەگەڕێتەوە بۆ وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاوە، كاتێك ئەنجومەنێكی حوكمڕانی كاتی بۆ بەڕێوەبردنی عیراق دانرا و لە (٢٥) ئەندام پێكهاتبوو، ئەم ئەندامانە بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی عیراق دابەشكرابوو. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دووبارەكردنەوەی ئەزموونی توافقی لە عیراق هاوشێوەی وولاتانی لوبنان و بەلچیكا. ئەم ئەنجومەنە لەلایەن ئەندامانی شیعە و سونە و كورد و ئەندامێك بۆ ئاشوری و ئەندامێك بۆ توركمانی بەڕێوە دەچوو.
- پرێنسیپی پێكهاتن (توافق) بەهەموو ئەم پێوەرانەی لەم توێژینەوەدا لێكۆڵینەوەی بۆ كراوە، دەردەكەوێت كە سەركەوتوو نەبوو لە عیراق چونكە زەمینەیەكی لەباری بۆ نەڕەخسێنرا لە لایەن لایەنە سیاسیە ڕكابەرەكانی عیراق، بەتایبەت شیعەكان چونكە لایەنی شیعەی عیراق بەهۆی ئەوەی كوتلەی زۆرینەی پەرلەمانی بوو كۆنترۆڵی هەموو یاسا و پرۆژە یاسایە پێشنیاركراوەكان و دەنگدانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی كردبوو، هەر بڕیارێكیان ویستبێت بە زۆرینەی دەنگ پەسندیان كردوە و هەر پرۆژەیەكی كوردەكان یان سونەكان بە ویستی شیعە نەبا ڕەت دەكرایەوە. هەروەها سەرۆكی حكومەتی عیراق لەبەر ئەوەی شیعە بوو گشت جومگە هەستیارەكانی دەوڵەت لەلایەن شیعەكانەوە كۆنترۆڵ كراوە. پۆستی سونەكان و كوردەكان ڕووكەشی و پۆستی ئاسایی بوون، دەسەڵاتی دەركردنی بڕیاریان نەبوو.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- بەهۆی جێبەجێکردنی پرێنسیپی پێکهاتن و بەشدارییپێکردنی گشت لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکان لە کابینەکانی حکومەت دا، پێکهێنانی هەر کابینەیەکی حکومەت کاتێکی زۆری دەخایەنێت ئەمەش بەهۆی دانوستان و کۆبونەوە بەردەوامەکانی دابەشکردنی پۆستەکان و پۆستە وەزاریەکان لەسەر لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی عیراق. بۆیە پرۆسەی سیاسی لە عیراق بە شێوازێکی هێواش و پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ کێشە دەروات.

**سەرچاوەکان:**

- الدستور العراقی دائم ٢٠٠٥
- قانون اداره المؤقت العراقی فی مرحله الانتقالیه

**پەرتوکی کوردی:**

د.ئازاد عوسمان، ناوچە دابرێندراو و کێشەلەسەرەکان، توێژینەوەی بڵاوکراوە، هەولێر، ٢٠٠٣،

**پەرتوکی عەرەبی:**

١. أرنت ليبهارت، الديمقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ترجمة حسني زينه، معهد الدراسات الاستراتيجية، (٢٠٠٦- بغداد- بيروت)،
٢. د.رغيد الصلح، الديمقراطية التوافقية في اطارها العالمي و اللبناني، المديرية العامة للدراسات و المعلومات/ مشروع برنامج الامم المتحدة الأنمائي UNDP في مجلس النواب اللبناني، كانون الثاني-٢٠٠٧
٣. شمال أحمد إِبراهيم، إِشكاليات الديمقراطية التوافقية في العراق (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، كلية القانون والعلوم السياسية/جامعة السليمانية، ٢٠١١
٤. محمد كاظم المشهداني، النظم السياسية، دار الحكمة للطباعة و النشر، موصل،١٩٩١،

**توێژینەوە:**

١. أ.م.د. عبدالعظيم جبر حافظ، الديموقراطية التوافقية في العراق بعد عام ٢٠٠٣، الواقع..الأشكالية.. الحلول، بحث منشور في مجلة السياسية و الدولية/كلية العلوم السياسية/جامعة النهرين، لا تأريخ
٢. حمد جاسم محمد الخزرجي، مستقبل الديمقراطية التوافقية في العراق، مجلة رسالة الحقوق/جامعة كربلاء، السنة الخامسة، العدد الثالث، ٢٠٠٣
٣. حمد جاسم محمد الخزرجي، مستقبل الديمقراطية التوافقية في العراق، مجلة رسالة الحقوق، السنة الخامسة، العدد الثالث، ٢٠١٣
٤. د.أزاد عثمان، العملية السياسية في العراق الجديد (المسار، العراقيل و افاق المستقبل)، مجلة القانون و السياسة، كلية القانون و العلوم السياسة/جامعة صلاح الدين – أربيل، سنة سادسة، رقم (٦)، ٢٠٠٩
٥. عبدالستار الكعبي، الديمقراطية التوافقية، العراق نموذجا، التوافقية في لبنان و دول اخرى، جريدة الحوار المتمدن، العدد ٣٥٧٣ في ٢٠١١/١٢/١١
٦. عزمي بشارة، في تطور مفهوم الديمقراطية التوافقية وملاءمتها لحل الصراعات الطائفية: نموذجا ايرلندا و لبنان، مجلة سياسات العربية، العدد ٣٠، في كانون الثاني ٢٠١٨
٧. الدكتور خالد عليوي العرداوي، الفدرالية و الديمقراطية التوافقية و معطيات الوقع العراقي، مجلة الفرات، العدد السابع، ٢٠١٠
٨. م.اسامة عبد علي محمد، الديمقراطية التوافقية و دور النخب في مأسسة ألانقسامات السياسية، المجلة الأستاذ، العدد ٢٢٤، المجلد الثالث لسنة ٢٠١٨
٩. م.د.أمنة محمد علي، إشكالية تجربة الديمقراطية التوافقية في العراق، مجلة المستنصرية للدراسات العربية و الدولية
١٠. م.م.زياد سمير ذكي الدباغ، دراسة في النظام السياسي السويسري، مجلة أبحاث كلية التربية الاسلسية، المجلد ١١، العدد ١، ٢٠١١
١١. مصطفى محمد غريب، مخاطرة التدخلات الخارجية في شؤون العراق الداخلية، مقال منشر في جريدة الحوار المتمدن، العدد ٤٤٤٩ في ٢٠١٤/٥/١٠
١٢. هشام الهاشمي-لندن، الحشد الشعبي خريطة الولاءات...وإشكالية الأرتباط بإيران، مقال منشر في جريدة الشرق الاوسط، مقال منشر في العدد ١٤١٤٤، من تأريخ ٢٠١٧/٨/١٩

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## وتار و ماڵپەڕی ئیلێکترۆنی


١. أحمد الهرمزي، توزيع المناصب بين الكتل السياسية في العراق- توافق سياسي وحسابات الرياضية، مقال منشر في موقع شرق الاوسط اونلاين، ٢٠١٠/١١/١٢ في موقع الكتروني:www.middle-east-online.com/توزيع-المناصب-بين-الكتل-السياسية-في-العراق-ـ-توافق-سياسي-وحسابات-رياضية

٢. حسن العطار، بين الديمقراطية و الديمقراطية التوافقية، جريدة ايلاف الالكترونية، في:www.elaph.com/web/opinion/2018/2/1190862.html

٣. د.محمد فلحي،قراءة في(مشروع بايدن- جليب) وخطة(التقسيم السهل للعراق )، مقال منشر في ٢٠٠٨/٩/١١، من موقع ht t p:/ / www.alnoor.se/article.asp?id=31771

٤. رامية الابراهيم، العلاقات الايرانية العراقية و زيارة نوري المالكي الى طهران، ٢٠١٣/١٢/٥، في موقع الكتروني: http://www.almayadeen.net/episodes/679713/العلاقات_الإيرانية-العراقية-وزيارة-نوري-المالكي-إلى-طهران

٥. رووداو: البرلمان العراقي يسحب الثقة من وزير المالية هوشيار زيبارى، ٢٠١٦/٩/٢١، http://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/210920166

٦. رووداو: البرلمان العراقي يصدر ١٢ قرارا بخصوص استفتاء استقلال كوردستان، في ٢٠١٧/٩/٢٧، في موقع الكتروني: http://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/270920175

٧. رووداو، الحكم بالسجن ٧ سنوات على وزير المالية الاسبق رافع العيساوي، خبر منشر في ٢٠١٧/٦/٧، من موقع: http://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/070620172

٨. ريناد منصور،المأزق السني في العراق، مركز كارنيغي للشرق الاوسط، مقال منشر في ٣ اذار ٢٠١٦، من موقع:

٩. صلاح خلف عبد، المحكمة الاتحادية العليا في العراق تشكيلها و اختصاصاتها، رسالة الماجستير، كلية الحقوق/ جامعة النهرين، ٢٠١١،

١٠. عارف عبدالبصير، بين أنقرة و طهران..هل يمكن للغريمين تجنب المواجهة، تم تحميل المقالة من موقع الكتروني الجزيرة:بين-أنقرة-وطهران-هل-يمكن-للغريمين-تجنب-المواجه http://midan.aljazeera.net/reality/politics/2018/3/22/

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١١. علاء حسين، اعتصامات العراق تواصلت لعام وانتهت "بثورة المسلحة"، مقال منشر في موقع الكتروني لقناة الجزيرة، في ٢٠١٥/٢/٢٦، من عنوان:اعتصامات-العراق-تواصلت-لعام-وانتهت-ب-ثورة-مسلحة/www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2015/2/26
١٢. علي جعفر، بارزانى:أمريكا وقفت متفرجة..وأحداث كركوك خيانة عظمى، مقال منشر في موقع روسيا تودي، من موقع: -كلمة-مسعود-بارزاني-رئيس-إقليم-كردستان-العراق/ www.arabic.rt.com/middle_east/907186
١٣. عمر على، عام على العبادي.ابرز التحديات و المعوقات للحكومة العراقية، موقع الكتروني لقناة روداو، في ٢٠١٥/٩/٨، من عنوان: http://www.rudaw.net/Library/Images/Uploaded%20Images/Omar/.jpg
١٤. العين محمد البندقجي، مفهوم التعددية و التنوع، مقالة منشرة في ٢٠١٥/١/٢٨ في موقع الكتروني صحيفة الرأي،www.al r ai .com/article/694744.html
١٥. قاضي كاظم عبد جاسم الزيدي، المحكمة الاتحادية العليا و حماية الدستور، ٢٠١٧/٧/٣٠، موقع الكتروني لمحكمة الاتحادية العليا،في عنوان:www.iraqssc.iq/nesns.3877
١٦. كاتب: السومرية نيوز نورى المالكي، مقال منشر تم تحميل من تأريخ ٢٠١٨/٧/١ من من موقع الكتروني: نوري/https://www.alsumaria.tv/Entity/105955 المالكي/ar/199?utm_term=PublicFigures/نوري%٢٠المالكي& نوري%٢٠المالكيutm_source=PublicFigure& نوري%٢٠المالكي-utm_campaign=PublicFigures&utm_medium=PublicFigures
١٧. كاتب: السومرية، النتائج الانتخابية النهائية و توزيع المقاعد، مقال منشر في ٢٠١٤/٥/٢١ في موقع قناة السومرية: من عنوان: النتائج-الانتخابية-النهائية-وتوزيع-المقاعد/www.alsumaria.tv/news/101030.
١٨. كاتب: الغد بريس، المحكمة الاتحادية العليا:الطعن بقرار رفع علم كردستان في كركوك ليس من اختصاصنا، ٢٠١٨/٢/٥، مقال منشر في موقع الغد بريس من موقع: اخبار-العراق-السياسية/١٤١٦٢٣/المحكمة-الاتحادية-العليا-الطعن-بقرار-رفع-علم-كردستان/www.alghadpress.com/news
١٩. كاتب: المعرفة، الحكومة العراقية الانتقالية، تأريخ تحميل المقالة ٢٠١٨/٦/٢٨، في موقع المعرفة من عنوان: الحكومة_العراقية_الانتقالية/www.marefa.org

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠. كاتب: باس نيوز، انتهاكات الحكومة العراقية للدستور..بالادلة والبراهين، في ٢٠١٧/١١/٣٠ من موقع الكتروني: http://www.basnews.com/index.php/ar/reports/396448

٢١. كاتب: جريدة الصباح، الاستقواء بالتوافقية، جريدة الصباح، بغداد ٢٠١٣/٢/٤

٢٢. كاتب: مركز الروابط، حواضن الفساد: حكومة المالكي الاكثر فسادا في تأريخ العراق، مقال منشر من مركز الروابط للأبحاث و الدراسات الاستراتيجية، ٢٠١٦/٩/٥، من موقع: http://rawabetcenter.com/archives/31759

٢٣. كاتب: موقع النيلين، نظام الحكم و السياسة في دولة الامارات، في ٢٠١٠/١٠/٢٥، من موقعwww.alnilin.com/253881.htm

٢٤. كاتب: موقع بي بي سي، حقائق عن دولة الامارات، في ٢٠١٧/٣/٢٨، من موقع www.bbc.com/arabic/middleeast-39105625

٢٥. كاتب:العربية، المحكمة الاتحادية بالعراق: أستفتاء كردستان غير دستوري، ٢٠١٧/١٠/٢٠، مقال منشر من موقع العربي في عنوان: www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2017/11/20/المحكمة-الاتحادية-العليا-استفتاء-كردستان-غير-دستوري.ht ml

٢٦. كاتب:موقع جلول لبنان، انتداب فرنسي على لبنان، مقال منشر في عنوان الكتروني:http://jalloullebanon.hooxs.com/t4185-topic

٢٧. مقابلة تلفزيونية لقناة الفظائية روداو مع سيد ريبوار طالباني/رئيس مجلس المحافظة كركوك، في ٢٠١٨/٢/٦، في موقع: www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=358059

## ملخص البحث

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

طرأت على السلطة و طبيعة أدارة الحكم في العراق بعد سقوط نظام البعث عام (٢٠٠٣) تغييرات جمة، الى جانب نظام الحكم القائم على مبدأ التوافق بين الكتل السياسية (من حيث اعادة بناء الدولة العراقية الحديثة، والتوزيع العادل للثروة) و قد جرى ذلك بمؤازرة الولايات المتحدة الأمريكية .

لم يكن تثبيت نظام الحكم الديمقراطي الفيدرالي بمنأى عن مساندة الكرد، على الرغم من عدم اقرار معظم القوى العربية سنة وشيعة لهذين النظامين؟ اذ كانوا يرون في ذلك تهديدا لوحدة الأراضي العراقية، كونها دولة عربية ذات سيادة مركزية.

وعلى الرغم من اقرار الدستور من لدن بعض العراقيين ومن خلال استبيان تأريخي اواخر عام (٢٠٠٥)، واجراء انتخابات عديدة على مستوى العراق بمشاركة القوى السياسية المتمثلة بالبرلمان العراقي والحكومة الأتحادية فأن اصحاب القرار الفعليين في السلطتين التشريعية والتنفيذية من المكون الرئيسي للمذهب الشيعي، قد تنصلوا عن مبدأ التوافق، وتعاملوا مع الأحداث في ضوء مبدأ الأكثرية، خصيصا الأحداث ذات مساس مباشر بشعب وأرض اقليم كردستان و بضمنها المناطق المتنازع عليها، وغدا نظام الحكم التيوقراطي (الديني- الشيعي) والمركزي بديلا عن نظام الحكم الديمقراطي.

وعلى الرغم من العوائق التي تحول دون تثبيت اركان الديمقراطية واتباع النظام الفيدرالي، فأن الدولة العراقية لم تحقق سيادتها، اذان تأثير وهيمنة سياسة الولايات المتحدة الأمريكية هي السمة البارزة في الحكم، وغدت تلك السياسة مهادا لمجمل التحولات .

ومنذ سقوط النظام البعثي المتعجرف، فأن الحكومة العراقية مارست وبوسائل شتى العداء تجاه الحقوق المشروعة للكرد في اقليم كردستان والمناطق المتنازع عليها، وقد بدا ذلك جليا وبشكل سافر، اثر اجراء الأستبيان (ريفراندوم) المفضي الى تأمين حياة كريمة لشعب الأقليم وذلك في الخامس والعشرين من ايلول عام (٢٠١٧).

لقد فقدت الحكومة العراقية بعد تضامنها مع المؤسسات العسكرية والأستخباراتية الأيرانية والتركية ضد الكورد، وقد أفضى ذلك الى احباط تثبيت نظامي الديمقراطية والفيدرالية في العراق، ولعدم استقرار المناطق السنية ، والأنتهاء من معركة داعش بمؤازرة قوات البيشمركة في كردستان، وتضامن الدول الحليفة، فقد وجهت الدولة العراقية معركتها صوب محافظة كركوك والمناطق المتنازع عليها والتي تحررت بدماء وتضحيات بيشمركة كردستان واتخذت من مشروع الأستبيان من اجل

استقلال الأقليم ذريعة، وكان مأل ذلك أن غدت الدولة العراقية في مفترق الطرق، وواجهت جملة من المعوقات والأشكالات التي تخص طبيعة سير الحكم .الأمر الذي جعل مستقبل الدولة العراقية وتعايش مكوناتها غارقا في الضبابية.

**Abstract**

Since the fall of the Ba'ath Regime in 2003, the type of authority and the form of the Iraqi Government has undergone drastic changes, including power-sharing government and rule among the diverse components; a deferral system based on consensus and accord among the different political powers and blocs in Iraq as the basis for re-structuring and re-establishing a new Iraq for the sake of a fair and equal power andrevenue sharing. All these have been stipulated in the Iraqi Federal Constitution with the support of the United States of America. Contrary to most Shi'te and Sunni blocs who do not believe in democracy and federalism because they see theseas a threat to the unity of Iraq simply as 'a central Arab State', Kurds from the beginning have supported establishing a democratic rule as well as a federal system. Although the Constitution has won a majority vote during a historic Referendum back in 2005, when representative of all parliamentary and government factions in Iraq participated, the real decision-makers from both the Legislative and Executive authorities from the main Shi'te Arabs violated the principles of agreement to adopt the principles of majority rule to resolves the issues, especially in issues that are directly related to the Kurdistan Region; its land and the detached (disputed) territories. Consequently, instead of establishing a parliamentary democratic system, they adopted a central theocratic (Shi'te Islamic) rule in Baghdad, as a simple State. In spite of all these unresolved issues and major hindrances on the way to democratizing and federalizing Iraq, the new Iraqi State has not yet achieved its own

sovereignty as such; the huge impact of the US policy on ruling Iraq is a clear indication of all the changes and developments.

Ever since the downfall of the tyrannical Ba'ath Regime, the Iraqi Government has in many different ways opposed the rights of the Kurdistani people both in the Kurdistan Region of Iraq (KR-I) and in the Kurdistani territories outside the KR-I; especially following the Referendum for Kurdistan Independence on 25 September, 2017, when the Iraqi Government entirely relinquished its sovereignty by siding with the Iranian and Turkish intelligence and military forces against the Kurds. The outcome was that both the processes of democratizing and federalizing Iraq were made to fail.

Right after defeating ISIS with the help of Kurdish Peshmerga Forces and the International Coalition Forces, under the pretext of holding a Referendum for Kurdistan Independence in both Kurdistan Region and in the Detached Areas, the Iraqi central Government changed its war front to fight against Kirkuk Province and the other detached Areas which have long been protected and fought for by the Peshmerga Forces with countless sacrifices. Hence, fifteen years after the fall of the Ba'ath Regime, the Iraqi Government has now reached such a crossroad and is now suffering from such serious problems and deadlocks that the fate of the Iraqi State and coexistence among its diverse components in future is vague and unpredicted.